**حکومەتی هەرێم کوردستان- عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر**
**کۆلێژی ئاداب**
**بەشی کۆمەڵناسی**

# ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەشیاندنەوەی نەوجەوانان:توێژینەوەکی مەیدانیە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر

پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (کۆمەڵناسی) کراوە، وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (کۆمەڵناسی)

ئامادەکراوە لەلایەن:

(سارا هیمداد خلیل و اسرا هیمداد خلیل)

بەسەرپەرشتی:

د. هیوا علی عمر

2023-2024

| پێرستی بابەتەکان | ژمارەی لاپەرە |
| --- | --- |
| سوپاس و پێزانین | 5 |
| پێشکەشکردن | 6 |
| پێشەکی | 7 |
| بەشی یەکەم | 8 |
| دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە | 9 |
| باسی یەکەم/ رەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە | 9 |
| گرفتی توێژینەوە | 9 |
| گرنگی توێژینەوە | 9 |
| ئامانجەکانی توێژینەوە | 9 |
| باسی دووەم/ پێناسە کردنی چەمکەکانی توێژینەوە | 10 |
| ١. توێژەری کومەڵایەتی | 10 |
| ٢. چاکسازی | 11 |
| ٣. شیاندنەوە (ڕاهێنان) | 11 |
| بەشی دووەم | 12 |
| باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 13 |
| یەکەم: توێژینەوەی کوردییەکان | 15-13 |
| دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان | 18-16 |
| تاوتوێکردنی ئەدەبیاتی پێشوو | 18 |
| بەشی سێیەم | 19 |
| بەشی سێیەم:لایەنی تیۆڕی تۆێژینەوەکە. | 20 |
| باسی یەکەم: سیستەمەکانی دامودەزگا سزاییەکان. | 24-20 |
| باسی دووەم: جۆرەکانی دامودەزگای سزاییەکان | 26-24 |
| باسی سێیەم: سیستەمی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزای | 26 |
| سیستەمی چاکسازی لەوڵاتان | 26 |
| یەکەم/ بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زیندانییەکانی عێراق پارێزگای ئەنبار. | 27-26 |
| دووەم/بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زایندانییەکانی تورکیا. | 29-28 |
| سێیەم/بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زیندانییەکانی سوید. | 30-29 |
| سیستەمی دامودەزگای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان. | 50-30 |

| | |
|---|---|
| 51 | بەراوردکردن و جیاوازی سیستەمی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزای وڵاتان و هەرێمی کوردستان لە کۆن و ئێستادا. |
| 53-51 | باسی چوارەم : ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە چاکسازی |
| 53 | بەربەستەکانی بەردەم کاری توێژەری کۆمەڵایەتی. |
| 54 | بەشی چوارەم |
| 55 | دەروازەی دووەم :لایەنی مەیدانی توێژینەوە. |
| 55 | چوارچێوەی تیۆری و کارایی مەیدانی توێژینەوە. |
| 55 | یەکەم:میتۆدی توێژینەوە |
| 55 | دووەم/ کۆمەڵگای توێژینەوە. |
| 55 | سێیەم / نموونەی توێژینەوە. |
| 56-55 | چوارەم/ بوارەکانی توێژینەوە. |
| 56 | پێنجەم/ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە. |
| 56 | شەشەم/ کەرەستە ئامارییەکان |
| 57 | بەشی پێنچەم. |
| 58 | خشتەی ژمارە (١) |
| 58 | خشتەی ژمارە (٢) |
| 58 | خشەتەی ژمارە (٣) |
| 59 | خشتەی ژمارە (٤) |
| 59 | خشتەی ژمارە (٥) |
| 60 | خشتەی ژمارە (٦) |
| 60 | خشتەی ژمارە (٧) |
| 61 | خشتەی ژمارە(٨) |
| 61 | خشتەی ژمارە (٩) |
| 62 | خشتەی ژمارە (١٠) |
| 62 | خشتەی ژمارە (١١) |
| 63 | خشتەی ژمارە (١٢) |
| 63 | خشتەی ژمارە (١٣) |
| 64 | خشتەی ژمارە (١٤) |
| 64 | خشتەی ژمارە (١٥) |
| 65 | خشتەی ژمارە (١٦) |
| 65 | خشتەی ژمارە (١٧) |
| 66 | خشتەی ژمارە (١٨) |
| 66 | خشتەی ژمارە (١٩) |

| | |
|---|---|
| خشەتی ژمارە (٢٠) | 67 |
| خشتەی ژمارە (21) | 67 |
| خشتەی ژمارە (22) | 68 |
| خشتەی ژمارە (23) | 68 |
| خشەتەی ژمارە (24) | 69 |
| خشەتەی ژمارە (25) | 69 |
| باسی دووەم: روونکردنەوەی ئەو زانیارانەی کە لە دەرنجامی چاوپێکەوەتن لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی نێو چاکسازی ئەنجام ماندا. | 74-70 |
| یەکەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە | 75 |
| دووەم : پێشنیاری توێژینەوە | 76 |
| سێیەم: ڕاسپاردەکان توێژینەوە | 79-77 |
| لیستی سەرچاوەکان | 78-77 |
| پاشکۆ | 82-79 |

# سوپاس و پێزانین

-سوپاس وستایش بۆ خودای گەورە کە هێزو توانای پێبەخشین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە.

-بۆسەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی.

-بۆمامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی.

-سوپاس بۆ گەشت کارمەندانی کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب.

-سوپاس بۆ کارمەندانی بەڕێوبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانان و ژنان و منداڵان – هەولێر.

**پێشکەشکردن:-**

-دایک و باوکی خۆشەویستمان هاوکارمان بوون بۆ گەیشتن بەم ڕۆژە.

-بەگشت مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی.

-بەسەرپەرشتیاری توێژینەکەمان (د. هیوا علی عمر) کە ئەرکی توێژینەوەکەی گرتۆتە ئەستۆ.

**پێشەکی:**

توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دامەزراوەکانی چاودێری و چاکسازی، لە ڕێگەی پرۆگرامە چاکسازییەکاندا ئەنجامی دەدان کە هەوڵی چاکسازیی زیندانیان دەدات بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە، پەرەپێدانی شێوازەکانی گونجاندن و هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی، چاکسازییانە، ڕێکخستنەوەیان و داڕشتنیان لە دوای لادانیان بۆ ئەوەی کەسێکی ئاسایی و چالاک بن لە ژیانی خۆیان و لە ژیانی کۆمەڵگادا بە دابینکردنی کارامەیی تەکنیکی و پیشەیی بۆیان، یارمەتیان دەدات لە کاتی جێبەجێکردنی سزاکەیاندا خۆیان لەگەڵ دامەزراوە چاکسازییەکان بگونجێنن بۆ ئەوەی بتوانن ببنە کەسانی باش و بەرهەمدار لە کۆمەڵگاکەیاندا.

بۆیە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە بەرامبەر بەو تاکانەی کە خەریکی ڕەفتاری تاوانکاری بوون یان ڕەنگە بەشداری تێدا بکەن. دیارترین ڕۆڵ ئەوەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزاندا دەیکات، بەو پێیەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا پێویستی بە شارەزایی لە تواناکانی پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی پیشەیی هەیە کە لایەنە کەسییەکان و پێگەی خێزان و ئەو ڕۆڵەی کە تاک لەناو خێزانەکەدا دەیگێڕێت و چاودێریکردن لەبەرچاو بگرێت ئایا مامەڵەی دایک و باوک تاکڕەوانە یان دیموکراسییە، و ئایا خێزانەکە لە کەشێکی گفتوگۆ، لێکتێگەیشتن، هاوکاری و هاودەنگی لە نێوان خۆیاندا هەیە، لەهەمان کاتدا پیشەی توێژەری کۆمەڵایەتی و ئەو ڕۆڵانەی کە ئەنجامی دەدات زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕێنماییکردنی خێزان، ئامانجیان کەمکردنەوەی ئەم ڕەفتارانە و یارمەتیدانی کەمکردنەوەی ئەنجامدانی تاوانە لە نێو خێزان.

# دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە

**بەشی یەکەم/ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوە و پێناسەکردنی چەمکەکان**

**باسی یەکەم/ رەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە**

**باسی دووەم/ پێناسە کردنی چەمکەکانی توێژینەوە**

**بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**بەشی سێیەم:لایەنی تیۆری توێژینەوە**

**باسی یەکەم: سیستەمەکانی دامودەزگا سزاییەکان**

**باسی دووەم: جۆرەکانی دامودەزگای سزاییەکان**

**باسی سێیەم: سیستەمی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزایی**

## بەشی یەکەم/ڕەگەزە سەرەکییەکانی تویژینەوە و پێناسەکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە

#### ١-گرفتی توێژینەوە:

گرنگی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی و چاکسازی و پەروەردەییدا بەدەی دەکرێت. توێژەرانی کۆمەڵایەتی پڕۆژەی توێژینەوە داڕێژن و بەڕێوەدەبەن و ئەنجامی دەدەن بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دامەزراندن، بێکاری، تەندروستی، پەروەردە و سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Rowland, 2023). لە وڵاتە تازەپێشکەوتووەکان کەمتر ئەو ڕۆڵەی توێژەران بەگرنگ دەزانرێت، هۆکارەکەشی بۆ ئاستی دواکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە.

ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری چاکسازیی و پەروەردەییدا زیاتر لە هەر بوارێکی تر زیاتر بەدی دەکرێت. بەڵام ئەو ڕۆڵە وەک ئەرکێکی مرۆیی و پیشەیی لە چاکسازییەکاندا کەمتر تیشکی خراوەتە سەر، بەتایبەتی لەبوارەکانی شیاندنەوەی نەوجەوانان کە وەک توێژێکی هەستیار دادەنرێن. لەم توێژینەوەیدا هەوڵ دەدرێت ئەوە بخرێتەڕوو کە توێژەری کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێک دەگێرێت بۆ دووبارە شیاندەوەی نەوجەوانان و گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا وەک تاکێکی ئاسایی. لەم توێژینەوەیدا بە دوای چەند خاڵێکی گرنگدا دەگەڕێین:

ئەو پرۆگرام و چالاکیانە چین کە توێژەران دەیگرنەبەر لە پرۆسەی شیاندنەوەیان؟ بەربەستەکانی بەردەم توێژەران بە ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە چین؟ هەڵوێستی ئەو تاکانە چۆن دەبێت کاتێک توێژەر هەوڵی گۆڕنیان دەدا لە ڕەفتارێکی لادەر بۆ ڕەفتارێکی دروست؟ لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری سوود لە دوو ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنی نیمچە داڕێژراو بەکاردێنین. لە ڕێگای پێدانی فۆرمی ڕاپرسییەوە دەمانەوێت زانیاری لەسەر بەندکراوانی نێو چاکسازییەکان کۆبکەینەوە بزانین چۆن ڕۆڵی توێژەران هەڵدەسەنگێنن؟ لەڕێگەی چاوپێکەوتنیشەوە دەمانەوێت لەگەڵ توێژەران بۆ زانینی هەڵوێستی بەندکراوان لە کاتی گۆڕینی ڕەفتاریان و ئەو ئاستەنگانەی کە پرۆسەی شیاندنەوەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەستنیشان بکەین.

## ٢-گرنگی توێژینەوە:-

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەدوو بواری سەرەکی دەردەکەوێت:

١. لە بواری تیۆری: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هۆی زیاتر کەڵەکە بوونی زانیاری زیاتر لەبابەتی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەشیاندنەوەی نەوجەوانان لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی هەولێر، بۆ بەپشت بەستن بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو سوود وەرگرتن لێیان.

٢. لە بواری پراکتیکی: خستنە بەردەستی ئەنجامەکان ئەم توێژینەوەیە بۆ دەزگای تایبەتمەندەکان بۆئەوەی چارەسەی گونجاو بۆ گرفتەکان دابنێن.

## ئامانجی سەرەکی توێژینەوە:

١–زانینی ڕۆڵی توێژەرەی کۆمەڵایەتی لەشیانەوەی نەوجەوانان لەدەزگای بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان ، لە ڕوانگەی ئامانجی سەرەکی دەگەینە ئامانجی لاوەکی.

ئامانجی لاوەکی توێژینەوە:

٢.خستەنەرووی کۆسپەکانی بەردەم کاری توێژەر لەشیاندنەوەی نەوجەوانان و ئافرەتان،

٣. بەراورد کردنی رۆڵی توێژەرانە لە نێوان چاکسازییەکانی نەوجەوان و ئافرەتان.

## باسی دووەم: پێناسەکردنی چەمکەکانی توێژینەوە

### دەستپێک:

زانایان وای بۆ دەچن کە چەمک و نیشانەکان زمانێکی پیشەیی پسپۆری دەهێنە ئاراوە، چەمکەکان زمانێکی هاوبەش لە نێوان پسۆڕانی زانستێکدا بەرهەم دێنن کە توانای ئەوەیان پێدەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن، هەموو چەمکێک مێژوویەکی هەیە، چەمک خاوەنی زەرورەتێکە کە تایبەتە بە پەیوەندی لەگەڵ چەمکەکانی تردا (کوش، ٢٠٠٣: ٧). ئەم توێژینەوەیەش ئەم چەمکانە لەخۆدەگرێت: توێژەری کۆمەڵایەتی، چاکسازی، تاوان، دیاردەی تاوانکاری نەوجەوان، ڕاهێنان (شیاندنەوە).

### ١- توێژەری کومەڵایەتی:

توێژەری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارە لە یارمەتیدانی تاک، هاوسەر یان گروپێک کە ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی یان خێزانی دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری گونجاو و بەردەوام بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە. ئەو کەسێکی پیشەیی و ئارەزووی شیکردنەوەی بارودۆخە تایبەتەکان و دیاریکردنی ئامرازەکان و هاوکاری لە کاتی داوای و بەپێی ئەو کەسەی کە کێشەی هەیە. توێژەری کۆمەڵایەتی کەسێکە کە شایستەیە بۆ کارکردن لە هەر بوارێکی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و پەروەردەییدا، توێژەر بێ گوێدانە مەترسی کارەکە، مامەڵە لەگەڵ کەیسەکە دەکات. لە چوارچێوەی ئەو چەمکانەی کە لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیدا جێگیرکراون، سەرەڕای جیاوازییە فەلسەفییەکانی، لەگەڵ پابەندبوونی بە بنەما ئەخلاقییەکان و ستانداردەکان کە لەسەری بنیات نراوە، جگە لە پابەندبوونی بە بازنەی ئەو کارەی کە دامەزراوە یان ڕێکخراوەکە بۆی دادەنێت. ئەو کۆمەڵەیەی کە سەر بە خۆیەتی لە بواری کارەکەیدا، بەبێ ئەوەی هیچ کام لە دەقەکانی کار کە ڕێککەوتوون پێشێل بکات، یان پێشێلکاری بکات یان دەستوەردان لە بوارەکانی تر کە تەواوکەری کارەکانی ڕێکخراوەکەن (العادلي، ٢٠٢٠: ٥). لەلایەکی تر توێژەری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی کۆمەڵناسی، هەر چەندە پێناسە و تێگەیشتنی لە قوتابخانەکانی کۆمەڵناسی جیاوازە بۆ ئەو چەمکە، قوتابخانەی کۆمەڵناسی فەرەنسی بە شێوەیەک سەیر دەکات کە تا ڕادەیەک جیاوازە لە قوتابخانەی ئەڵمانی، یان تەنانەت جیاواز لە قوتابخانەی ئەمریکی. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمان داوە بە گەڕانەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگای کوردی پێناسە و تێگەیشتنەکان وەربگرین (دانا،٢٠١٠:٨).

**٢-چاكسازی:**

چاكسازی بریتییه له ڕوودانی گۆڕانگاری جۆری، بۆیه ئەو گۆرانگاریانه گۆڕان له شێوازی ڕەفتاری تاك و ڕەفتاری بەرامبەر بەدوای خۆیدا دێنێت، چاكسازیی ئەوكاته دەستنیشان دەكرێت كه تاك تاچەند توانای وەرگرتنی ئەو گۆڕانكاریانەی هەیه كه دەبێته هۆی گۆرینی ڕەفتاری له رەفتارێكی دژبه گۆمەڵگا بۆ ڕەفتارێكی تەریب بەكۆمەڵگا، كه بگونجێ لەگەڵ ڕێساو یاساكانی كۆمەڵگاو ملكەچی داب و نەریتەكان بێت (عمر، ٢٠٠٠: ٣٦٢). چاكسازی چەمكێكی فره ڕەهەندە بۆیە لەپێناسەیەكی تردا دەڵێت: بریتیه لەچارەسەركردنی بەندكراوان و ئامادەكردنی بەچەند ڕێگایەكی هونەری و زانستی بەپێدانی چەند بەرنامەیەكی دیاریكراو كه دەسنیشان دەكرێت بۆ رەفتار و گەڕاندنەوەی بۆ كۆمەڵگا به گەڕاندنەوەیەكی چاك و بەرهەمدار بۆ خۆی و كۆمەڵگاكەی (شفیق، ٢٠٠٧: ٨).

**٣- شیاندنەوە (ڕاهێنان):**

بریتییه له گرێبەستێكی ئاشتبوونەوەیە له نێوان تاوانبار وكۆمەڵگادا به چارەسەركردنی ئەگەر هاتوو نەخۆش بوو،پەروەردەكردن و ڕاستكردنەوەی ڕەفتاری ئەگەر هاتوو لادەر بوو، رۆشنبیركردن و فێركردنی ئەگەر هاتوو نەخوێندەوار بوو، فێركردنی كارێك ئەگەر هەتوو بێكاربوو، بەمشێوەیە مەترسی تاوانكردن له كەسایەتی بەندكراو نامێنێت و دەگەڕێتەوە كۆمەڵگا بەشێوەیەكی گونجاو (پیرداود، ٢٠٢٣: ١٥). شیاندنەوە (ڕاهێنان) ئاماده كردنی زیندانی بۆ گه ڕانه وه بۆ ناو كۆمه ڵگا به توانای جه سته یی و ده ڕوونی و فیكری و كۆمەڵایەتی و پیشه یی گونجاو كه ڕه نگدانه وه ی پێگه ی كۆمه ڵایه تی و ڕۆڵی له پرۆسه ی چاكسازیدا به پێی به ڕنامه كانی چاكسازی كه له سه ڕ بنه مای زانستی و هونه ڕی بۆت ئاماده كراون. شیاندنەوە هاندانی پاڵنەرە ئەرێنییەكان له زیندانیەكەدا بۆ ئەوەی باوەڕ بەو بەهایانه بكات كه تێیدا چێنراون، بۆ ڕێزگرتن له یاسا دوای ئەوەی له دژی یاخی بووە، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ژیانی كۆمەڵایەتی خۆیدا بگونجێنێت دوای ئەوەی گۆشەگیر بووە بۆیە، گەیشتن بەم ئامانجه داوا له زیندانەكان دەكات كه هەموو ئامرازەكانی چارەسەركردن و چاكسازی بەكاربهێنن بەپێی پێویستی زیندانییەكان. (هەمان: ١٢).

## بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: توێژینەوەی کوردییەکان.

### ١-توێژینەوەی (زانا احمد پیرداود):

لەسالی (٢٠٠٧) بەناونیشانی (معوقات العمل الاصلاحي في سجون اقليم كردستان). پێشکەش بە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین کراوە. لەگرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی بەربەستەکانی کاری چەکسازیی کۆمەلایەتی لە دیدی کارمەندان و کومەلگای توێژینەوەکە. بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم توێژینەویە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە لەهەرسێ پارێزگای (هەولێر،سلێمانی،دهۆک). لێرەدا توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەلایەتی و بەراوردکاری بەکارهێناوە، توێژەر بۆکوکردنەوەی زانیاریەکانی پشتی بەستووە بەهەرسێ ئامرازی(فۆرمی ڕاپرسی،چاوپێکەوتن،تێبینی) نموونەی توێژینەوەکەشی نموونەی مەبەستدارە، (٢٦٠) بەندکراو وکارمەندی وەرگرتووە لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆک، لەکۆی ئەمە رێژەیە (٢٠٠) بەندکراوەی سزادراوی وەرگرتووە لە نموونەی توێژینەوەکەی، (٥٦)بەندکراوی لە بەندیخانەی هەلێر،(٥٠)بەندکراوی لەبەندیخانەی دهۆک،(٩٤)بەندکراویشی لە فەرمانگەی چاکسازی کۆمەلایەتی سلێمانی وەرگرتووە.

نموونەی ئەوکارمەندانەی کە وەیگرتووە لە نموونەی توێژینەوەکەیدا لە کۆی (٦٠)کارمەند (٢١) کارمەندی لە هەولێرە، (٢٠) کارمەندی لە دهۆک، (١٩)کارمەندی لەسلێمانی وەرگرتووە. کەرستەو ئامرازەکانی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ڕێژەی سەدی،ناوەندە ژمێری، لادانی پێوەری،کای سکوێر.

لەگرنگترین دەرنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مانانەی خوارەوە:

أ-لەتوێژینەوەکە دەرکەوتووە کە کەموکوریەکی زۆر هەیە لە بوونی شوێنی پێشوازی بەتایبەت لە پشکنین و پۆلێنکردنی بەندکراوان.

ب- لە ڕووی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە بەندکراو هەلی بەردەوامبوونی لەسەر خوێندن پێنادرێت،لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن و قۆناغەکانی پەیمانگا و زانکۆ.

ج- لە ڕووی خزمەتگوزاری کۆمەلایەتییەوە،لەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە کە توێژەرە کۆمەلایەتیەکانی نێو بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان نەیانتوانیوە ڕۆلی خۆیان ببینن

و ڕێنمایی بەندکراوانیان نەکردووە بۆ گرتنە بەری ڕێگای درست و گرنگیشیان نەداوە بە کێشە تایبەتی و خێزانییەکانی بەندکراوان.

د- لە ڕووی تەندرستییەوە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە لە ڕووی پاکو خاوێنی و خواردنەوە زۆر باشە،لەوکاتەی کە بەندکراوەکیش تووشی نەخۆشییەک دەبێت ئەوا جیادەکرێتەوە لە بەندکراوانی تر، لەگەڵ ئەمەشدا هەست بە کەمووکوڕی دەکرێت لە بواری تەندروستی، لەوانە نەبوونی شوێن و جێگای نوستنی فراوان بۆ بەندکراوان و نەبوونی جل و بەرگی تایبەت کە بگونجێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا.

ە- دەربارەی پرۆگرامی کارکردن لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بەندکراو ئەوکارەی دەیکات ناگونجێ لەگەڵ توانای جەستەیی و ئامادەکارییەکانیدا،هەروەها ڕێگە بە بەندکراوان نادرێت لە دەرەوەی بەندیخانە کاربکەن.

و- لەڕووی پرۆگرامە ئاینییەکانەوە بەپێی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە لە بەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا شوێن و جێگای شیاو بۆ ئەنجامدانی پیاوانی ئایینی بۆلای بەندکراوان و پێشکەشکردنی وتار و وانەکانەە سەبارەت بە نەریتە ئایینی و بنەما ڕەوشتیەگشتی یەکان.

٢- توێژینەوەی (ڕێبین جوهر شفیق حوێزی): (حوێزی، ڕێبین جوهر شفیق،٢٠١٥)

لەساڵی (٢٠١٥) بەناونیشانی (ڕەوشی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەندکراوان). پێشکەش بەنجوومەنی کۆلێژی ئەدەبیات لە زانکۆی سەلاحەددین_هەولێرکراوە. بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەم توێژینەوە لە چاکسازی گەورانی شاری هەولێر کراوە، بەمەستی ئاشنابوون بەڕەوشی بەندکراوان لە چاکسازی.

لەگرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕەوشی چەکسازی کۆمەڵایەتی لەبەرێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی شاری هەولێر لەدید و بۆچوونی بەندکراوان خۆیان،پێوانەی ڕەوشی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەندکراوانی بەڕێوبەرایەتی چاکسازیی گەورانی هەولێر لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان و ئەو بارودۆخەی کە بەندکراوان تیایدا ژیان بەسەردەبەن، هەروەها دەرخستنی ڕۆڵی ئەو دامەزراوانەی کەلە دەزگازی چاکسازییەکاندا هەن لە ڕووی یارمەتیدانی بەندکراوان وەک(تەندروستی، پەروەردەیی،داوکاری گشتی)لەدیدی بەندکراوان و کاریگەریان لە دووبارە شیاندنەوەیان. لێرەدا توێژەر میتۆدی (وەسفی) لە جۆری میتۆدی (ڕووپێوەی و میتۆدی بەراوردکاری )بەکارهێناوە. توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشتی بە ستووە بە ئامرازی (فۆرمی

ڕاپرسی، چاوەپێکەتن). نموونەی توێژینەوەکەشی جۆری نموونەی هەرمەکی بووە، توێژەر هەڵسا بە وەرگرتنی (٢٥٠) بەندکراو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ڕێکخراوە،ئەمەش دەکاتە ڕێژەی(٣٥،٠٦٪)ی کۆمەڵگای توێژینەوە. کەرەستە و ئامرازەکانی ناو توێژینەوەکەکەشی بریتیە لە(هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ،هاوپەیوەندی سپێرمان، تی تێست، تێستی فیشەر).

لە گرنگترینەین دەرنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەمانەی خوارەوە:

أ-ناوەندی گریمانەیی ڕێژەکەی دەکاتە (٨٤)گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی کە ڕێژەکەی دەکاتە(٨١،٩٣٦)،کەواتە سامپڵی توێژینەوەکە بەگشتی ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی هەولێرباشە.

ب- لەبەڕێوە بەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر و لەبواری (کۆمەڵایەتی) بەندکراوان بەشێوەیەکی گشتی ڕازین،بەڵام نەبوونی شوێنی(خەلوەی شەرعی) کێشەی بۆ دروست کردوون.

ج-توێژینەوەکە دەریخستووە ڕەوشی چاکسازی کۆمەڵایەتی تایبەت بە(بواری پشکنین و پۆلێنکردن)ی بەندکراوان بەشێوەیەکی گشتی باشە، بەڵامە شوێنی حەوانەوەیان باش نییە بەپێی تەمەن و تاوانەکانیان پۆلێن نەکراون لە هۆڵەکانیان

د-سامپڵی توێژینەوەکە دەریدەخات ڕەوشی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە بواری (تەندروستی) بەندکراوان بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی باشدایە.

ە-بەندکراوەکان (بواری پەروەردە و فێرکردن) لەئاستێکی بەرزتردەبینن لەو ئاستەی کە گریمان و پێشینی بۆدەکرا.

و-ڕەوشی(کارکردن)ی بەندکراوان باشە نییە و هەلی کارکردن زۆرکەمە، چونکە هیچ کارگەیەک لە ناو چاکسایی گەورانی هەولێر بەدی ناکرێت.

ز-لەبواری (دەروونی) کێشەی نەبوونی پزیشکی دەروونیان هەیە و ڕەوشەکەیان بێ باش نییە، بەندکراوان لە کاتی تێکچونی باری دەروونی چاویان بە پزیشکی دەروونی ناکەوێت هەمووکات پزیشکی دەروونی لێ نییە.

ح- بەندکراوەکان لە بواری (یاسایی) ڕازی نین، پێیان وایە یاسا و سزا بەیەکسانی بۆ هەموان وەک یەک نییە لەناو چاکسازییەکەو داواکاری گشتی ڕۆڵی ئەوتۆی نییە.

دووەم: توێژینەوە عەرەبیەکان:

**٣-توێژینەوی (عبدالله حمود العنز):**

بەناونیشانی (دور الأخصائصین الاجتماعین في التعامل مع المشکلا الاجتماعیه المسجونین في سجون مدینتی الریاض وجدة) لەساڵی (٢٠٠٥). ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ئاشنابوون بە ڕۆلی توێژەری کۆمەڵایەتی لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بەندکراوانی بەندیخانە و ڕۆڵیان لە هاوکاری کردنی لەگەڵ هەندێ لایەنی پسپۆری لەپێناو چاسەرەکردنی گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی بەندکراوان،ئەم توێژینەوە بەشێوەیەکی پراکتیکی گرینگی دەدات بە وەسف کردنی دیاردە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتیەکان لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی شاری (ریاز و جدە)ی سعودی و زانینی ئەوبەربەستانەی ڕووبە ڕووی کارەکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لەکاتی مامەڵکردنیان لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بەندکراوانی بەندیخانەکە.

لەوتوێژینەوەیەدا توێژەر ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بەڕێگەی رووپێوی گشتی و ڕووپێوی نموونەی، نموونەی توێژینەوەکەشی نموونەی هەرەمەکییە توێژەر(١٣٠٠) بەندکراوی وەرگرتووە (٨٠٠) بەندکراویان لەشاری جدە و (٥٠٠) بەندکراوی لەشاری ریاز، واتە توێژەر ڕێژەی (١٠٪)ی کۆمەڵگای توێژینەوکەی وەرگرتووە وەکو نموونەی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی ڕاو بۆ چوونیان لەسەر ڕۆڵی توێژە لەچارەسەکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان . لە کۆکردنەوەی زانیاریشدا توێژەر فارمی ڕاپرسی بەکارهێناوە .ئەو ئامرازە و کەرستە ئامارییانەش لەتوێژینەوەکەدا بەکارهاتووە بریتییە لە (ناوەندە ژمێری، ڕێژەی سەدی،لادانی پێوەری). لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

أ-ڕێژەی (٪ ٥،٨٢) ی نموونەی توێژینەوەکە باس لە هاوکاری نێوان کارگێری بەندیخانەو توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن لە لێکۆڵینەوەی گرفتەکانی بەندکراوان.

ب- ڕێژەی(٩٦٪)ی بەندکراوانی نموونەی توێژینەوەکە ئاماژە بە سنووورداری ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی دەکەن لە بەندیخانەدا.

ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات ڕێژەی (٥٥٪) کارگێران ئاماژە بەوەدەکەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەتەواوی خۆیان یەکلالی کردۆتەوە بۆ لێکۆڵیینەوەی دۆخی بەندکراوان.

ج- ڕێژەی(٪٨٨)ی توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن بەهۆی دەستخستنە ناوەوەی کارگێرانی بەندیخانە لە کارەکانیان، بۆیە چالاکی توێژەران لە مامەڵەکرد لەگەڵ گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی بەندکراوان سنوودار دەبێت.

د-ڕێژەی (٪٧٢) ی توێژەرانی کۆمەڵایەتی لەکاتی لێکۆڵینەوە لەڕەوشی بەندکراوان سەردانی خێزانەکانیان دەکەن.

## ٤- توێژینەوەی (**لبنابنت نويفع بن حباب المطيري**):

لەسالی (٢٠١٤)، بەناونیشانی(دور الأخصائي الاجتماعي في معالجة المشكلات غير الأخلاقيه لدي نزيلات المؤسسات الإصلاحية) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سەر زیندانی ژنان لەشاری الرياز.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەدەستنیشانکردنی ئەو کێشە نا ئەخلاقیانەی کە لە دامەزراوەکاندا هەن، دەستنیشانکردنی ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دەستنیشانکردنی کێشە نائەخلاقییەکان لە نێو زیندانیانی ژنان لە دەمەزراوە چاکسازییەکان، دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەبنەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە نائەخلاقییەکانی زیندانیانی دامەزراوە چاکسازییەکان،دیاریکردنی جیاوەزییە ئامارییە گرنگەکانی پەیوەست بۆتایبەتمەندییە کەسییەکان (تەمەن،ئەزموون،ڕاهێنان و پسپۆڕی) کە کاریگەرییان لەسەر ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشە نا ئەخلاقییەکان لەنێوان زیندانییە ژنەکاندا لە دەمەزراوە چاکسازییەکان.

لێرەدا توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە،توێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی پشتی بەستووە بە(ڕاپرسی )، نموونەی توێژینەوەکەی بریتییە لە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و زیندانیانی زیندانی ژنان،قەبارەی نموونەکەی پێکهاتوو لە (١٤)توێژەری کۆمەڵایەتی و(٥٢) زیندان.

لەگرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە مانەی خوارەوە:

أ-توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە بڵاوبوونەوەی قسەی ناشرین لەنێو زیندانییە ژنەکاندا یەکێکە لە کێشە هەر گرنگەکان.

ب-نەبوونی ئەزموونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەبەربەستەدیارەکانی بەردەم ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی کێشە نائەخلاقییەکانی نێو زیندانییە ژنەکان لە دامەزراوە چاکسازییەکا.

ج- ئەنجامەکان دەریانخستووەکە بانگەواز و ڕاوێژکاری بە شێوەیەکی ڕەقە لە زیندانیانی ژنەکان ئەنجام دەدرێت.

## تاوتوێکردنی ئەدەبیاتی پێشوو:

دوا بە دوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە توێژینەوەکانی پێشوو چەند خاڵێکی گرنگمان بۆ دەرکەوەت. هەریەک لە توێژینەوەکانی پێشوو چەند ئاماناجێکیان هەبوو کە تاڕادەیەک نزیکن لەیەکتر، لەهەمان کاتدا تاڕادەیەک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەش نزیکە. توێژەران ئامانجیان ئاشنابوونە بە ڕۆڵی توێژەری کومەلأیەتی لە نێو چاکسازی لە دیدەی بەندکراوان، هەروەها دەست نیشانکردنی بەربەستەکانی بەردەم توێژەری کۆمەلأیەتی لە نێو چاکسازی کۆمەلأیەتی،لەگەڵ ئەوەشدا زانینی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەش بە بەندکراوان دەکرێت، وەزانینی کێشەکانی بەندکراو لە نێو چاکسازی. هەروەها هەریەک لەو توێژینەوانەی پێشوو توێژەران(میتۆدی ڕووپێووی کۆمەلأیەتی و بەراوەردکارییان) بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری توێژەرە پەنای بردۆتە بەر هەریەک لە ئامرازەکانی (پرسیارنامە ، چاوپێکەوەتن ، تێبینی کردن) بۆدەست کەوتنی زۆر ترین زانیاری، لە رووی وەرگرتنی نموونە توێژەران نموونەی (مەبستدار و هەرەمەکی) یان بەکارهێناوە، نموونەکانیان بەندکراوان و توێژەرانی نێو چاکسازی بووە. ئەگەر بەراوەردێک بکەم لە نێوان توێژینەوەکانی پێشوو و ئەم توێژینەوەیە ئەو تاڕادیەک لێک نزیکن لە رووی ئامانج و میتۆد و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و نموونە و کۆمەڵگای نموونە.لەم توێژینەوەیەدا (میتۆدی رووپێووی )بەکار دێنم. هەروەها کۆمەڵگای نمووی چاکسازی گەوران، وەرگرتنی نموونەکان بەندکراوان و توێژەرانن بە شێوەیەکی هەرەمەکی وەریان دەگرم واتا نموونەی هەرەمەکی بەکاردێنم.بۆ کۆرکردنەوەی زانیاری ئامرازی (پرسیار نامە و چاوپێکەوتن)بەکاردێنم بۆ وەرگرتنی زۆر ترین زانیاری .پرسیارنامە پێشکەش بە بەندکراوان دەکەم چاوپێکەوتەنیش لەگەڵ توێژەرانی نێو چاکسازی دەکەم لە ڕێگای کۆمەلێک پرسیاردەربارەی زانینی بەربەستەکانی بەردەمیان و زانینی هەڵسووکەوتی بەندکراوان بەرامبەر بە توێژەران لە کاتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری .ئەوەی کە لەم توێژینەوەیەدا نوێکاری تێدا دەکەم لە رووی بەراوەرد کردنی ڕۆڵی توێژەر لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دووکەیسی جیاواز لە نێو چاکسازی ئەوانیش نەوجەوان و ئافرەتان، هەروەها دەست نیشانکردنی کۆسپەکانی بەردەم ڕۆڵی توێژەر لە مامەڵە کردن لەگەڵ هەردوو کەیسەکە.

## بەشی سێیەم:لایەنی تیۆری تۆێژینەوەکە.

## باسی یەکەم: سیستەمەکانی دامودەزگا سزاییەکان.

دامودەزگا سزاییەکان بە چەند قۆناغی جۆرا وجۆر تێپەڕیون، لە کۆندا ئامانج لە بەندکردن ئازاردان و ئەشکەنجەدان بووە واتە دامودەزگای سزایی بووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان بە درێژایی مێژوو پێشکەوتنەکان ئەم بوارەشی گرتۆتەوە. بۆیە ئامانجی سزادانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ئێستادا ئامانجی سەرەکی لە بەندکردن چاکسازی کردنە لە سەر خودی سزادراوان.

### یەکەم/ سیستەمی بە کۆمەڵ

کۆنترین سیستەمە لە ڕووی مێژووییەوە، لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاستدا پیاو و ژن و گەورە و بچووک تێکەڵ دەکران بە شەو و ڕۆژ ! لە ئێستادا ئەم سیستەمە لە هەندێک لە وڵاتان پەیڕەو دەکرێت، بەڵام بە جۆرێک هەستاون بە جیاکردنەوەیان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن، لەم سیستەمەدا ڕێگە دەدرێت بە دابەشکردنی سزادراوان بە کۆمەڵی هاوشێوەی یەکتر لە ڕووی بارودۆخی تایبەتییەوە.

### لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن...

-ئەم سیستەمە تێچووی دارایی کەمی پێویستە بە بەراود لەگەڵ سیستەمەکانی تر.

-کاریگەری خراپی کەمە لەسەر سزادراوان لە ڕووی دەروونییەوە چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و حەز بە تێکەڵاوبوون دەکات.

-لەم سیستەمەدا بەرهەمی کارکردن زیاترە بە هۆی هاریکاری دەستی کارکردن.

#### لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن:

لەم سیستەمەدا بەندیخانە دەبێتە قوتابخانەیەک بۆ فێربوونی تاوانی جۆراوجۆر بە هۆی تێکەڵاوی بەندکراوان.

-زۆرجار لەم سیستەمە ئاسایشی بەندیخانە دەکەوێتە مەترسیەوە و کۆنترۆڵکردنی سەخت دەبێت بەهۆی کۆدەنگی بەندکراوان.

-لەم سیستەمە ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشییە گوازراوەکان زۆرە.

-لەم سیستەمەدا ئەگەردروستبوونی باندی تاوانی هەیە و بەکارهێنان و دەستکەوتنی ماددەی هۆشبەر کارێکی ئاسانە.

-لەم سیستەمەدا ئەگەری ئەنجامدانی دەستدرێژی سێکسی هەیە.(**بەکر، ٢٠٠٢: ١٤٣)**.

## دووەم/ سیستەمی بەتەنهایی

لەم سیستەمەدا ڕۆژ و شەو سزادراو لە ژوورێکی بەتەنها نیشتەجێ دەکرێت، هیچ پەیوەندییەکی بە سزادراوانی تر نییە و نابێ گفتوگۆ لەگەڵ کەس بکات و ئەو ڕێنماییانەڕ پێی دەدرێت لەلایەن کارمەندان و مامۆستایان و پیاوانی ئایینییەوە دەبێت.

لەم سیستەمەدا سزادراو بۆی هەیە بخوێنێتەوە و هەفتەی دووجار بۆ وەرزشکردن بێتە دەرەوە، وە ڕێگا نادرێت سزادراو جگەرە بکێشێت.

ئەم سیستەمە بە (پەنسلڤانی و فیلادیلفی) ناودەبرێت گوایە ئەم سیستەمە لە ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمریکا لە وەیلایەتی پەنسلڤانیا سەریهەڵداوە، وە ئەم سیستەمە لە کەنیسەی ( فیلادیلفیا) لەساڵی (١٧٩٠ز) پەیرەوی کراوە.

هەندێک لە شارەزایان سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە دەگەڕێننەوە بۆ کەنیسەکانی ئەوروپا لەسەر ئەو بنەمایەی تاوانبار ئەو کەسەیە گوناهی ئەنجام داوە، دەبێت تەوبە بکات وە پێویستە جیابکرێتەوە لە کۆمەڵگای و بە تەنها بژی تا ئەوکاتەی تەوبە کەی وەردەگیرێت و قبول دەبێت.

**لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن:**

-کۆنترۆڵکردنی بەندیخانە لە ڕووی ئاسایشەوە ئاسانە، وە ناتواندرێت باندی تاوانی لەم جۆرە سیستەمەدا لەلایەن بەندکراوانەوە دروست بکرێت.

-فێربوونی تاوان لە کەسانی ترەوە بوونی نابێت بە هۆی دابڕاندنی لە بەندکراوانی ترەوە.

-ڕێگرە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کاری بەدڕەوەشتی و سێکسی و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر.

-وادەکات سزادراو بە خۆیدا بچێتەوە و پەشیمان بێتەوە لە ئەنجامدانی تاوانەکەی.

**لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن:**

-تێچووی دارایی زۆری پێویستە لە ڕووی بینایەوە.

-کاریگەری دەروونی خراپی دەبێت لەسەر سزادراو بە هۆی مانەوەی بۆ کاتێکی درێژ بەتەنها.هەندێجار دەبێتە هۆی لە دەستدانی هۆشیاری ڕەنگە هەوڵی خۆکوشتن بدات.

-جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کارمەند هەیە.

-دوای تەواو بوونی ماوەی سزا ئەستەمە سزادراو بتوانێت بەئاسانی تێکەڵی کۆمەڵگا ببێتەوە.(**عبدالدرة ، عودة،٢٠٠٩:٢٨)**

## سێیەم/ سیستەمی تێکەڵاوی (بێدەنگی – ئۆبرانی)

ئەم سیستەمە لە ساڵی (١٨١٦) سەری هەڵداوە لە نیورک لە (ئۆبرن) لە ساڵی (١٨٢٣ز) پەیڕەوی کراوە، ئەم سیستەمە شێوازی جێبەجێکردنی لە نێوان هەر دووسیستەمەکانی پێشووترن، لەم سیستەمەدا سزادراوان بە ڕۆژ تێکەڵاو دەکرێن بۆ کارکردن و نان خواردن و پرۆگرامە داڕێژراوەکان، لە شەوانیشدا سزادراوان هەرکەس دەگەڕێتەوە ژووری تایبەتی خۆی.

لە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەم سیستەمەدا ڕێگا نەدەدرا سزادراوان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتربکەن کاتێک بە ڕۆژ تێکەڵ دەکران، تەنانەت زۆرجار بۆ بێدەنگ کردنییان هێز بەکار دەهات، بۆیە ناسراوە بە سیستەمی بێدەنگی! بەڵام دواتر ئەم بنەمایە هەڵوەشایەوە و ڕێگا درا بە سزادراوان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن بە ڕێژەیەکی کەم لە ژێر چاودێری کارمەندانی دامودەزگاکە.

لە ڕووی باشی و خراپییەکانەوە تاڕادەیەک ئەم سیستەمە گونجاوە بۆ ژیانێکی ئاسایی لە ناو دامودەزگای چاکسازی، لە ڕووی دەروونییەوە زۆر باشترە لە دوو سیستەمەکەی کە لە پێشووتر باسمان کردن وە بۆ کارکردنیش باشترە و دەستی هاریکاری تێدایە لە نێوان بەندکراوا ن(عبدالله ، **٢٠١٤:٢٧)**

## چوارەم/ سیستەمی پلەدار( ئێرلەندی – ماکونوچی)

ئەم سیستەمە بۆیەکەم جار لەساڵی (١٨٤٠ز) لە دوورگەی (ماکونوچی) لە ئوستورالیا لەسەر دەستی ( ئەلیکسەندەر ماکونوچی) سەری هەڵداوە، دواتر گوازرایەوە بۆ ئێرلەندە بە سیستەمی ئێرلەندی ناسرا.

سیستەمی پلەدار ماوەی سزا دابەش دەکات بۆ چەند قۆناغێک، لە هەر قۆناغێکدا سزادراو دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوە و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی دامودەزگاکە. ڕێنماییەکان لە پلەی توندەوە دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە پلەی ئازادبوونی مەرجدار، ئەمەش بۆ ئەوەی سزادراو ملکەچی ڕێنماییەکان بێت لە پێناو ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ قوناغێکی تر، ئەنجامدانی پرۆسەی گواستنەوەکەش لە قوناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بەپێی ئەو نمرانە دەبێت کە لە هەر قوناغێکدا سزادراو وەریدەگرێت،چونکە لەڕێگای ئەو نمرانەوە دەردەکەوێت سزادراو تاچەند پرۆسەی چاکسازیکردن لە ڕەفتاریدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم

گواستنەوەیە لە قۆناغێکەوە بۆ قوناغێکی تر پاداشتە، هەرکاتێک دەرکەوت سزادراو دوای گواستنەوەی بۆ قۆناغێکی تر پێشێلی ڕێنماییەکانی دامودەزگای چاکسازی دەکات دەتواندرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ قۆناغی پشووتر.

قۆناغەکانی گواستنەوەی سزادراو لە سیستەمی پلەدار

**قۆناغی یەکەم/** تاکەکەسی بەشەو و ڕۆژ

**قۆناغی دووەم/** بەڕۆژ تێکەڵا و بەشەو بە بەتەنها

**قۆناغی سێیەم/** لەم قۆناغەدا سزادراو ئازادی زیاتر پێدەدرێت بەو مەرجەی پرۆسەی چاکسازی کاریگەری لەسەری هەبووبێت بەمەبەستی پێدانی متمانەی زیاتر.

**قۆناغی چوارەم/** لەم قۆناغەدا سزادراو بۆی هەیە لە دەرەوەی دامودەزگای چاکسازی کاربکات و بەشەو بگەڕێتەوە دامودەزگای چاکسازی، دۆزینەوەی کار و ڕێکخستنی کات و شوێنەکە دەکەوێتە ئەستۆی دامودەزگای چاکسازی بۆ ئەوەی بتواندرێت بە ئاسانی چاودێری بکرێت.

**قۆناغی پێنجەم/** قۆناغی ئازاد کردنی مەرجدار،لەم قۆناغەدا تێبینی و تاقیکردنەوەی تەواوی سزادراو دەکرێت لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەسانی پەیوەندیدار بۆ ئەوەی دەرکەوێت سزادراو هیچ مەترسییەکی نەماوە و ئامادەیە بۆ ئەوەی تێکەڵی کۆمەڵگا ببێتەوە و پرۆسەی چاکسازی کاریگەری باشی هەبووە لەسەری، بە شێوەی مەرجدار ئازاد دەکرێت.

**لایەنە باشەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن:**

-ئەم سیستەمە لە هەموو سیستەمەکانی پێشووتر باشترە چونکە ئامانج تەنها لێی بەسەر بردنی ماوەی سزا نییە بەڵکو ئامانج لێی چاکسازی کردنی سزادراوانە.

-گواستنەوەی سزادراو لە قۆناغێکی توندەوە بۆ قوناغێکی سوکتر وادەکات سزادراو بە شێوەیەکی ئارەزوو مەندانە و بەخۆشحاڵییەوە پابەندی ڕێنماییەکان و بەرنامەکانی چاکسازی کردن بێت.

-سزادراو بۆ ئەوەی نەگەڕێندرێتەوە بۆ قۆناغەکانی پێشووتر هەوڵدەدات ڕەفتاری جوان بنوێنێت و ئاسایشی دامودەزگاکە بپارێزێت.

لایەنە خراپەکانی ئەم سیستەمە ئەمانەن...

-هەموو سزادراوێک ڕەنگە پێویست نەکات لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم سیستەمە دابندرێت، پێویستە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بەپێی جۆری تاوانەکە قۆناغەکەی بۆ دەستنیشان بکرێت، بەپێی هەڵسەنگاندنە بەردەوامەکانی لە ڕەفتاریدا بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی سەرووتر یان خوارووتر.

-جێبەجێکردنی قۆناغەکان بە پێچەوانەوە وادەکات سیستەمەکە بە شێوەیەکی وشک سەیربکرێت، ئەگەری هەیە پڕۆسەی چاکسازیکردن و دووبارە ئامادەکردنەوەی سزادراوان پەک بخات ئەگەر سزادراو وەڵام دانەی بۆ پرۆسەکە نەبێت.(بەکر،٢٠٠٢: ١٤٧).

## باسی دووەم: جۆرەکانی دامودەزگای سزاییەکان

مەبەست لە جۆرەکانی دامودەزگاکان بریتییە لە دەستنیشانکرد ئاستی ئەو ئاسایشەی کە دەخرێتە سەر سزادراوان و دامودەزگاکە، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە هەر دامودەزگایەکدا جۆرە ئاسایشێکی جیاواز هەیە.ئەمەش وادەکات پەیوەندی سزادراوان بە جیهانی دەرەوە لە دامودەزگایەکە بۆ دامودەزگایەکی تر جیاوازبێت.

بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر دامودەزگا هەن کە جێگای بایەخن لەلای شارەزایان و لێکۆڵەران بەپێی مێژوو، ئەوانیش بریتین لە (دامودەزگا داخراوەکان- دامودەزگا کراوەکان- دامودەزگای نیمچە کراوەکان).

## یەکەم/ دامودەزگا سزاییە داخراوەکان

کۆنترین جۆری دامودەزگای سزاییە،مەبەست لێی تەنها دابڕاندن و سزادانە، ئەم جۆرە دامودەزگایە پشت دەبەستێت بە بەربەستی ماددی وەک دیوار و تەلبەند و تەلی کارەبای بۆ ئەوەی ببێتە ڕێگر لەبەردەم هەڵاتنی سزادراوان، ئاستی ئاسایش لەم جۆرە دامودەزگایانە زۆر بەرزە بە جۆرێک توندو تیژی تێدا بەکاردێت، ئەگەر هاتوو سزادراو پابەندی ڕێنماییەکان نەبێت سزادەدرێت.

تاکو ئێستاش ئەم جۆرە دامودەزگایانە لە زۆربەی وەڵاتان هەیە و کاری پێدەکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەو سزادراوانەی مەترسییانە هەیە لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا وە ئەو سزادراوانەی دووبارە تاوانییان ئەنجام داوەتەوە.

**لایەنە باشەکانی ئەم جۆرەدامودەزگایانە ئەمانەن:**

-کۆمەڵگا پارێزراو دەبێت لەو کەسانەی کە مەترسییان بۆ سەر ئاسایشی خەڵک هەیە.

**لایەنە خراپەکانی ئەم جۆرە دامودەزگایانە ئەمانەن:**

-بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە سزادراو وادەکات سزادراو متمانەی بە خۆی نەمێنێت و کاریگەری خراپ دروست دەکات، وادەکات زیاتر دڵرەق بێت.

-دابراندنی سزادراو بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی تێکچوونی باری دەروونی لە دەستدانی هۆشیاری.

-تێچووی زۆری پێویستە لە ڕووی داراییەوە.

-پێویستی بەکارمەندی زۆرە بۆ چاودێری کردن.(احمد و هیمداد ، ٢٠٠٦: ٤٢)

## دووەم/ دامودەزگا چاکسازییەکراوەکان

ئەم جۆرە دامودەزگایە پشت نابەستێت بە بەربەستی ماددی، بەڵکو گرنگی دەدات بە لایەنی مەعنەوەی ئەمەش دەبێتە هۆی پتەو بوونی پەیوەندی نێوان سزادراوان و کارمەندانی دامودەزگا وە بەهێزبوونی متمانە لە نێوانیان، لەم جۆرە دامودەزگایە ئامانج لە زەوتکردنی ئازادی چاکسازیکردن و ڕاهێنانەوەی سزادراوانە، سزادراوان هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن و ڕێز لە بەرنامەکانی چاکسازیکردن دەگرن و پێوەی پابەند دەبن (صبحي، ٢٠٠٨: ١٤٦).

**لایەنە باشەکانی ئەم جۆرە دامودەزگایانە ئەمانەن:**

-ئەم جۆرە دامودەزگایانە تێچوونی دارایی کەمی پێویستە لە ڕووی بینایە و بەڕێوەبردن و ئاسایشەوە.

-دەبێتە هۆی ئەوەی سزادراوان لە ڕووی دەروونییەوە جێگیربن و متمانەیان بە خۆیان هەبێت.

-ئەو کار و پیشەی ئەنجامی دەدەن سوودی دەبێت بۆ ژیانی دوای ئازادبوون دەتوانن لە هەمان بواردا کاربکەن.

-سزادراوان دەتوانن هاوکاری دارایی خێزانەکانییان بکەن. (احمد و هیمداد، ٢٠٠٦: ٤٤)

**لایەنە خراپەکانی ئەم جۆرە دامودەزگایانە ئەمانەن:**

-بەشێک لەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ئەم جۆرە دامودەزگایانە کراوە ئەوەیە، هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ئەم جۆرە دامودەزگایە لە بەها و نرخی سزا کەم دەکاتەوە.

-هەڵاتن لەم جۆرە دامودەزگایانە کارێکی ئاسانە.

-تێکەڵاو بوونی سزادراوان بە کەسانی تر لە دەرەوەی دامودەزگاکان بەشێوەیەک کاریگەری خراپی دەبێت، بۆیە باشترە ئەم جۆرە دام و دەزگایانە لە دەرەوەی شار و شوێنێک دوور لە دانیشتوان بن(عبدالله،٢٠١٤: ٣٤).

**باسی سێیەم: سیستەمی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزایی**

گرنگترین ڕۆڵی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزاییەکاندا لە دووخاڵدا کۆدەبێتەوە:

١-کەمکردنەوەی ئاستی مەترسی دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوان و سڕینەوەی هزری تاوانی و ئامادەکردنی سزادراوان بە شێوەیەکی تەندروست بۆ نێو کۆمەڵگا، لە ڕێگای ئەم پلانە و بەرنامانەی لە ماوەی سزاکە بەسەر سزادراواندا جێبەجێ دەکرێن.

٢-ڕێگرتن لە هەڵاتن لە ڕێگای ئاسایشێکی تۆکمە و سەرکەوتوو (ڕزگار،٢٠٢١: ٣٩)

**١. سیستەمی چاکسازی لەوڵاتان**

**أ. بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زیندانییەکانی عێراق پارێزگای ئەنبار:**

کومەڵگای عێراقیش هاوشێوەی کۆمەڵگاکانی دیکە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) شایەتی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وئابووری و سیاسی بووە، ئەم گۆڕانکاریانە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگای زیادکردووە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەت بە شیاندنەوەی ئەوتاوانبارو خێزانانە و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کۆمەڵگادا.

ئامانجی دیاریکردنی بەرنامەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بۆ بنەماڵە و ئەو کەسانەی کە تاوانی تیرۆر سزادراوان و تێگەیشتن لە سروشتی ئەو بەرنامەنە لە پارێزگاری ئەنبار و شاری حەبانیە بە تایبەت.

جۆرەکانی چاکسازی دەتوانرێت لە مانەی خوارەدا دەستنیشان بکرێت:

-**چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەروونی:** هەوڵەکانی چاکسازی لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان ترەوە ئەنجام دەدرێت بۆ یارمەتیدانی تاکەکان لەو کێشانەی کە تووشی

دەبن، بۆ پەرەپێدانی هێزی پێوویست کە ڕێگری بکات لە گەڕانەوەیان بەمەبەستی دووبارە گونجاندنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا بۆئەوەی مەتمانەیان بۆدرست بێتەوە، ئەمەش وادەکات کێشەکانیان چارەسەر بکەن کە رووبەروویان دەبێتەوە بۆ ئەوەی تووشی تاوان نبنەوە.

١. **چاکسازی پیشەی:** پێشکەشکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بۆ تاکەکانی ناو دامەزراوەی سزادراوان، ئەمەش بەپێی حەزو ئارەزووی سزادراو دەبێت، هەڵبژادردنی پیشەی گونجاو بەپێی توانای سزادراوانی نێو دامەزراوەکە.

٢. **چاکسازی پەروەردەیی:** بریتین لە دابینکردنی پەروەردەی بۆ ئەوکەسانەی کە پێویستە شارەزابن بە کارامەیی سەرەتای،پەروەردەی کەلتوری، تەندروستی،ئاینی، وەرزشی، کات بەسەربردن، داگیرکردنی کاتەکانی پشوو و پەرەپێدانی کارامەیی بەندکراو.

٣. **ڕێنمای ئاینی:** بەرنامەکانی بانگەواز و ڕاوێژکاری ئاینی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرن لە چارەسەرکردن و چاکسازی کۆمەڵایەتی بەندکراوان.

ویژدانی تاک بە ئاگادێتەوە و بیرکردنەوە و شێوازی ڕەفتار و ڕەوتە کۆمەڵایەتییە هەڵەکانیان دەگۆڕدرێت بۆ قبولکراو لە کۆمەڵگادا هەمووی لە ڕێگەی ئاینەوە.

٤. **چاکسازی تەندروستی:** خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بەو بەندکراوانە دەکرێت کە بەدەست کێشە دەناڵێنن، بە ئامانجی یارمەتیدانی تاکەکان بۆ وەرگرتنی ژیانێکی نمونەیی و بە سوود (Obaid, 2020).

## ب. بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زایندانییەکانی تورکیا:

لە ڕابردووەوە تا ئێستا چارەسەری جیاواز بۆ کێشەی تاوان و سزادانی تاوانباران لە قوناغە جییاوازەکاندا هێناوەتە ئاراوا. سەرەتا بە شێوەی دانانی سزای تاوانەکە و پێدانی غەرامەجێبەجێ دەکرا. ئەمرۆ بەرنامەی مۆدێرن کراوە جێبەجێ دەکرێت کە تێدا سزادروان و بەندکراوان نەک هەر زیندانی دەکرێت بەڵکو بە بەکارهێنانی بەرنامەی گۆنجاو بۆ کەسییەکان کە لەگەڵ کەسایەتیی کەسایەتیەکاندا بگونجێ. وەدامەزراوە زیندانییەکان لە ساڵانی (٢٠٠٠) ەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاویان بە خۆوە بینیوە، ئەمەش بە هۆی تێگەیشتنکی باشتر لە سیستەمی سزای مۆدێرن.

لەسەردەمی ئەمرۆدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی سزادران دەگرنە ئەستۆ، لەسەرەتادا سزادانی بەندکراوان بە جۆرێک بوو کە ئازاری جەستەی دەدران، بەڵام بە تێپەر بوونی کات ئەم سزایانە گۆڕا بۆ زیندانی کردن و چاکسازی تاوانباران.

لە ئێستادا لە تورکیا سیاسەت و پراکتیکردنی پەیوەست بە جێبەجێکردنی سزاکان چاکسازی کراوە. ئەم چاکسازیانە بووەتە هۆی دابینکردنی چەندین وەرزش و کات بەسەربردن و چالاکییە هونەریەکان ، خولی زانیاری پیشەی . هەموو ئەم چالاکییانە بە ئامانجی دڵنیابوونە لە گەشە سەندنی دەروونی کۆمەڵایەتی و جەستەیی سزادراوان.

هەروا ئەم گۆڕانکاری و چاکسازییە لە شێوازی تەلارسازی زیندانەکاندا دیارە کە ئێستا دیزاینی فراوانیان هەیە وە بە دیواری بەرز دەورە نەدراوان وە لەلایان جەندرمەوە پاسەوان نەکراون، دامەزراوە سزاییەکان لە تورکیا یەک مۆدێلیان نییە، بەپێی تایبەتمەندییە تەلارسازییەکان، پۆلێنکردنی بەندکراوان هەیە، بە ئامانجی کەمکردنەوەی کاریگەری بەندکراوە مەترسیدارەکان بۆ سەر بەندکراوەکانی تر.لە زیندانییەکانی تورکیا ڕێکخراوێکی بەڕێوەبەرایەتییان هەیە، نازناوی بەڕێوبەری یەکەم بەڕێوبەری دامەزراوەیەکە ، هەروەها هەبوونی مامۆستای پەروەردە ، دەروونناسان، کارمەندانی کۆمەڵایەتی، پزیشکی و پەرستار بۆ خزمەتگوزاری تەندروستی. لە ئێستادا ئامانجی سەرەکی ئەم دامەزراوانە نۆژنکردنەوەی تاوانبا لە ڕێگەی کۆمەلێک وۆرک شۆپەوە لە دامەزراوەکەدا.

سزادراو دەتوانێت لە دامەزراوەکە بچێتە دەرەوە بە وەرگرتنی مۆڵەت هەموو مانگێک دوای بەسەربردنی (٣) مانگ لە دامەزراوەکە. یەکێک لە باشییەکانی ئەوەیە کە پەیوەندکردن بە جیهانی دەرەوە ئاسانتر دەکات لەگەڵ هەبوونی کۆشکی تەلەفۆن لە دامەزراوەکە.

ئامانجی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە دامەزڕاوەکە بۆ پۆچەڵکردنەی تاوانەکانی تاوانکارە ،ئەمەش دەبێتەوە هۆی کەمکردنەوەی چالاکی تاوانکاران بە شێوەیەکی بەرچاو دوای ئازادبوونیان لە دامەزراوە چاکسازییەکان (Getin, 2023) .

## ج. بەرنامەکانی چاکسازی لە دامەزراوە زیندانییەکانی سوید:

ڕێنمای یاسای سزادانی نویێ لە سوید لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢، وەزیری پێشووی دادی سوید تۆماس بۆدستۆم، فەرمانی بە کۆمسیۆنێکی لێکۆڵینەوە کرد کە لە (١٥) ئەندام پێکهاتبوو چ پەرلەمانتار و غەیری پەرلەمانتار، پەرلەمانی سوید بۆ هەڵدەستێ

بەئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بۆ بنیادنانی سویدیکی نویێ لە رووی بنەمای یاسای سزادراوان.

پێویستە گرنگترین ئەرکی دەزگای زیندان و بەرنامەی سوید بۆ بەرچەدانەوەی هەر کاریگەرییەکی نەرێنی بەندکراوان لە زیندانییەکانی سوید،دووبارە لێکۆڵینەوەی بەندکراوان و نۆیکردنەوەی بەندکراوان لە زیندانییەکان.

ئەم چاکسازییەش لە جۆری ئازادکردنی بەندکراوان بەدی دەکرێت.

**١-ئازادکردنی مەرجدار:**ڕێگە بە زیندانییەکە دەدات لە ڕۆژدا کات لە دەرەوەی زیندان بەسەرببات و کاربکات، بەشداری بکات لە بەرنامە پەروەردەییەکان یان پیشەییەکان یان چالاکییە ڕێکخراوەکان.

**٢-خزمەتگوزاری چاودێری:**ڕێگە بە زیندان دەدات کات لە ماڵی چاودێری خێزان یان سەنتەری چاودێری و چارەسەکردن بەسەرببات بەمەبەستی بەشداریکردن لە چارەسەرە جۆراو جۆرەکان.

ئەگەر بەندکراوێک پێوویستی بە چاودێری تەندروستی هەبوو دەگوازرێتەوە سەنتەری تەندروستی تاکو بەندکراو پێویسی بە چاودێری تەندروستی هەبێ.

**٣-ئازادکردنی مەرجداری درێژخایەنە:** ڕێگە بە بەندکراو دەدات لە ماڵەوە لە ژێر بارودۆخی کۆنترۆڵکراودا سزاکەی بەسەرببات.

بەندکراو دەتوانێ کار بکات، بەشداری بەرنامە پەروەردەیی یان پیشیەکان بکات،چارەسەر وەربگرێت یان بەشداری لە چالاکییە رێکخراوەکاندا بکات.

**٤-خانووی نیوە ڕێگا:** ڕێگە بە بەندکراو دەدات کارلێک لەگەڵ ژینگەیەکدا بکات کە زیاتر بەرکەوتووبێت لە زیندانێکی کراوە، لە هەمان کاتدا سوودمەند دەبێت لەو پاڵپشتی و هاوکارییەی کە لەلایەن خزمەتگوزاری زیندانەوە پێشکەش بە بەندکراوە دەکرێت.

ئامانجی ئەم یاسایە بە گوێرەی حکومەتی سوید بۆ ئەوەیە کە کاریگەری بەندکراوا کەم بکاتەوە لە سەر گۆمەڵگا لە دوای ئازاد بوونی و گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگا ( Yngborm, 2020).

## د. سیستەمی دامودەزگای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان:

له هەرێمی کوردستان له دوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) و ئازاد کردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان له ڕژێمی بەعس بەندیخانەکان کەوتنه ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستان، له شاری هەولێر بەندیخانەی (مەحەته) و لەشاری سلێمانی (بنکەی گرتن و گواستنەوە) ئاوەدان کرانەوە و شوێنێک بوون سزادراوان و ڕاگیراوانی لێ نیشتەجێکرا، بەڕێوەبردنی لەسەر ئەرکی پۆلیس و وەزارەتی ناوەخۆبوو.

بەشێوەیەکی گشتی له کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٦ز) بیر لەوە کرایەوە بەندیخانەکان لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایان و فەرمانبەرانی مەدەنی بەڕێوبەرایەتی ،هەر لەسەر ئەم بنەمایە بەندیخانەکان ئامانجەکانیان گۆڕا له سزادانەوە بۆ چاکسازیکردن.

له ئێستادا چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن به سیستەمی ژمارە (١) فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان ساڵی (٢٠٠٨).

له هەرێمی کوردستان (٦) بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەن، له شارەکانی (هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک)، له هەرشارێک یەک چاکسازی بۆ سزادراوانی گەورەی ڕەگەزی نێر وه یەک چاکسازی بۆ نەوجەوانان و ژنان، هەموو ئەم بەڕێوەبەڕایەتییانه بەستراونەتەوە به بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی/ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

چاکسازییەکانی نەوجەوانان و ژنان له نێو یەک وباڵەخانەدا، بەڵام بەشی ژنان و نەوجەوانان بەتەواوی لێک جیاکراوەتەوە، بەشی ژنان لەلایەن کارمەندانی ژنەوە بەڕێوەدەبرێت.

وه هەروەها بەشی ژنان له شارەکانی(هەولێر و دهۆک) هەموو تەمەنەکانی ڕاگیراوانی ئافرەت له خۆ دەگرێت له چوارچێوەی باڵاخانەی چاکسازی ژنان و نەوجەوانان، وه له شاری سلێمانی ڕاگیراوانی ژن ڕادەگیرێن لەلایەن پۆلیسی گرتن و گواستنەوە که سەربە وەزارەتی ناوەخۆیە.

وەبەشی نەوجەوانان جگه له سزادراوان ڕاگیراوانی نەوجەوانی خوار (١٨) ساڵ له خۆدەگرێت.(رزگار،٢٠٢١: ١٥١)

**سەرپەرشتکردنی بەشی نەوجەوانان دابەشکراوە بەسەر چەند هۆبەیەکی سەرپەرشتیکردن لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە بەم شێوەی خوارەوە:**

-(هۆبەی نەوجەوانان) بۆ سەرپەرشتی کردنی سزادراوانی تەمەن (١١-١٨)ساڵ

-(هۆبەی گەنجانی پێگەیشتوو) بۆ سەرپەرشتی کردنی سزادراوانی تەمەن(١٩-٢٢) ساڵ.

-(هۆبەی چاودێری پاشینە) بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو سزادراوانەی کەمتر لە (٣) مانگیان ماوە بۆ ئازادبوون.

-(خانەی تێبینی)بۆسەرپەرشتیکردنی ڕاگیراوانی خوارە(١٨) ساڵ.

(رزگار،٢٠٢١: ١٥٢)

**پێداویستییە ناوەکییەکانی چاکسازی تاوانباران لە بەندیخانەکاندا:**

**پرۆگرامی پێشوازی:**

لە بەڕێوبەرایەتییەکانی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان هیچ کەسێک بەبێ بەڵگەنامەو بڕیاری یاسای و دادوەر ناخرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازییەکانەوە.

**١. سیستەمی هەرێمی کوردستان دەربارەی پێشوازی:**

**- ماددەی (١٠):** لەچاکسازیدا شوێنی تایبەت تەرخان کراوە دەگوترێت بنکەی پێشوازی و دەستنیشانکردن کە سەربە لێژنەی هونەرییە بۆ چاوپێکەوتنی سزادراوان و نەوجەوانان.

**- ماددەی (١١):** بەڕێوەبەری گشتی لێژنەیەکی هونەری پێک دەهێنێت بۆ گشت بەرێوەبەرایەتییەکی چاکسازی، لێژنەکە پێکدێت لە خاوەن پسپۆڕییەکان لە بەڕێوەدنی کاروباری بەشەکانی چاکسازی و نووسینەوەی کۆنووسەکانی ئەم لێژنانە و بەرزکردنەوەی ڕاسپاردەکانیان بۆ فەرمانگەی چاکسازی بۆ جێبەجێکردن.

**پسپۆڕییەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە:**

**یەکەم /** کردنەوەی تۆمارێکی تایبەت بە سزادراوان و نەوجەوانان کە دەستنیشانی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری بکات و ئەم زانیارییانە لە خۆ بگرێت:

-تەواوی زانیارییەکانی ناسنامەی

-هۆکارەکانی هاتنە ناو چاکسازی، ڕۆژ و کاتژمێری هاتنی.

-ئازادکردنی

**دووەم /** لێژنەکە لە مێژووی پێشینەی تاوانی سزادراوان و نەوجەوانان دەکۆڵێتەوە، ئەوە بەشەش دیاری دەکات کە سزادرا و نەوجەوانی لێ نێششەجێ دەکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای لێکۆلینەوەی زانستی لە هەرسزادرا و نەو جەوانان لێ نیشتەجێ

دەکەن،ئەمەش لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی زانستی لەهەر سزادراو نەوجەوانێک بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری چاکسازی

**سێیەم /** لێژنەکە سزادراوان و نەوجەوانان دابەشی سەر (دووبەش) دەکات:

-ئەوانەی یەکەمجار دێنە ناو چاکسازی

-ئەوانەی دووبارە گەڕاوەنەتەوە بۆ تاوان.

**چوارەم /** لێژنەکە دۆسیەی تایبەت بەهەر سزادرا و نەوجەوانێک ڕێکدەخات و لێکۆڵینەوەی تەواوی بارودۆخی تایبەت و تەندروستی و دەروونی و ئەقلی دەگرێتە خۆ.

- **ماددەی (١٢):** پێویستە دۆسیەی هەر سزادراو و نەوجەوانێک ئەم زانیارییانە لە خۆگرتبێت:

-ژمارەی ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون.

-خستنەڕووی مەترسی دوا تاوانی.

-ژمارەی ئەو سزایانەی دەیگرێتەوە.

-ئاستی مەترسی لەسەر کۆمەڵگا.

-ڕابردووی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی.

-ئاستی ئامادەبوونی بۆ چاکسازی.

**هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردن:**

لە دامودەزگا چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگاندنێکی سەرەتای بۆ هەر سزادراوێک ئەنجام دەدرێت کاتێک کە دێتە نێو دامودەزگای چەکسازی لە ڕێگەی وەرگرتنی زانیارییە کەسییەکان و چاوپێکەوتن و تێبینی کردن و بەڵگەکانی دادگا،دواتر بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە پۆلێن دەکرێت، بەڵام لە دامودەزگا چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بەهۆی زۆری ژمارەی سزادراوانە و ناتواندرێت بەپێی پێویست و پێوەرە جیهانییەکان پرۆسەی پۆلێنکردن ئەنجام بدرێت، جگە لە ڕەگەز و جیاکردنەوەی سزادراوان و ڕاگیراوان بۆ پۆلێنکردن زیاتر تیشک دەخرێتە سەر تەمەن و جۆری تاوان.

- **ماددەی (٣١):** لیژنەی هونەری لەسەر بنەمای بەندی (١٢) بڕیار لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەدات:

**١**-ئاستی ئەو ئاسایشەی کە پێویستە سزادراوان و نەوجەوانان بگرێتەوە.

**٢**–ئەو بەشەی کە بۆی گونجاوە.

**٣**–چارەسەری گونجاو.

**٤**–ئەو ڕاهێنانەی وەریدەگرێت و ئەم وەرزشەی بۆی گونجاوە.

**– ماددەی (١٤):**

**١**–لەسەر لیژنەی هونەرییە لە هۆکارەکانی گەڕانەوەی سزادراوان و نەوجەوانان بۆ چارەسەر کردنیان بکۆڵێتەوە.

**٢**–ئاگادارکردنەوەی سزادراوان و نەجەوانان بە بڕیار و بەرنامە ئامادەکراوەکانی لیژنەی هونە ری، لەگەڵ هۆکارە پێویستەکانی ئەم بڕیار و بەرنامەیە. (سیستەمی ژمارە (١) ی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨: وەقایعی کوردستان ژمارە ٨٤).

**سیستەمی هەرێم دەربارەی خوێندن:**

**– ماددەی (٣٣):** سزادراوان و نەوجەوانان مافی خوێندن و درێژەدان بە خوێندنیا هەیە لە ناو فەرمانگەی چاکسازی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی لە ماوەی سزاکەیان.

**– ماددەی (٣٤):** لەسەر فەرمانگەیە کاربکات لەسەر دەستەربەرکردنی خوێندن لە ناو فەرمانگە و گەیاندنی سزادراوان بۆ هۆڵەکانی تاقیکردنەوە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە کۆتاییەکان بەپێی قۆناغی خوێندن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، ئەمەش بەپێی ئەم ڕێنمایانە دەبێت کە بەڕێوەبەری گشتی پێشنیاریان دەکات و وەزیر پەسەندیان دەکات.

**– ماددەی (٣٥):** هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی فێرکردنی گشتی و پیشەیی دەگرنە ئەستۆ.

**ماددەی ٣** ئەم بڕوانامەی قوتابخانە یان پیشەییانەی کە کەسی سزادراو و نەوجەوانان بەدەستی دێنن نابێت هیچ ئاماژەیەک بەوە بکرێت کە ئەم بڕوانامەی لە ناو چاکسازی بەدەست هێناوە.

**ڕاهێنانی پیشەیی و کارکردن:**

لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی هەرێمی کوردستان هۆبەیەکی تایبەت کراوەتەوە بۆ ڕاهێنانی پیشەیی سزادراوان، لە چوارچێوەی ئەم هۆبەیەدا سزادراوان دەخرێنە بەر خولی فێربوونی پیشەیی جۆراوجۆر، جگە لەمەش لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەکان کاتێک

ڕێگایان پێدەدرێت  لە چاکسازی چالاکی بدەن تیشک دەخرێتە سەر فێربوونی پیشە ئارەزوومەندانەیە و هیچ سزادراوێک بە زۆری ناخرێتە نێو خولی فێربوونی پیشە.

کارکردن لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی دەبینێتەوە لە چەند جۆرە کارێکی دیاریکراو، وە لەبەر هۆکاری زۆری  ژمارەی سزادراوان و کەمی دەرفەتی کار ناتواندرێت ڕێژەیەکی زۆر لە سزادراوان بخرێنە بەر کارکردن، کارەکانیش زیاتر خۆی دەبینێتەوە لەم بوارانە ( دارتاشی ، ئاسنگەری ، بەرگدوورین، کاری دەستی ، کارکردن لە نانەواخانە، کارکردن لە خواردنگەی ، وە هەندێک جار کاری کشتوکاڵی).

## سیستەمی ڕاهێنانی پیشەیی و کارکردن لە هەرێمی کوردستان.

- **ماددی (١٥):** لەسەر لیژنەی هونەریە کە کار لە چاکسازی ڕێکبخات.

- **ماددەی (١٧):** پێویستە کارکردن لە نێو چاکسازی بە ئامانجی شیاندنەوەی سزادراوان و نەوجەوانان بێت، وە بە شێوەی پیشەی ڕابهێندرێن و هۆیەکانی گوزەرانی لە ناوە و دەرەوەی چاکسازی بۆ ئامادەبکرێت و یارمەتی بدرێت بۆ ڕاهێنانەوەی و گونجاندنی لەگەڵ گۆمەڵگا بۆ ئەوەی ببێتە تاکێکی بەسوود.

- **ماددەی (١٨):** سزادراوان و نەوجەوانان هیچ پاداشت وکرێیەک وەرناگرن لەسەر ئەو پاکوخاوێنکردنەوە بەردەوام و پێویستانەی ژیانی ڕۆژانەی.

- **ماددەی (٢١):** بەشی ئاماری دەخرێتە پاڵ لیژنەی هونەری کە هەڵدەستێت بە دابەشکردنی کار بەسەر سزادراوان و نەوجەوانان.

- **ماددەی (٣٦):** سزادراوان و نەوجەوانان بۆ یان هەیە  ڕاهێنان بە هاوڕێکانیان بکەن لە ناو چاکسازی بە ڕەزامەندی لیژنەی هونەری و پەسندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەرەی گشتییەوە.

## چالاکییە جۆراو جۆرەکان و چالاکییە وەرزشی و خۆشگوزەرانییەکان.

لە نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی هەرێمی کوردستان بەردەوام چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێن، هەندێک هەیە وەک مافی سزادراوان نابێت پێشێل بکرێت وەک وەرزش و هاتنە بەر خۆری کە ئەمە وەک ڕۆتینێکی ڕۆژانە بۆ سەرجەم بەندکراوان ئەنجام دەدرێت.

جگە لە مانە چالاکی تری وەک خولی وێنەکێشان و خولی کارامەیی و خولی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و خولی مۆسیقا ئەنجام دەدریێ وە هەروەها چالاکی تری خۆشگوزەرانی و کات بەڕێکردن بۆ سزادراوان ئەنجام دەدرێت لە پێناو پاراستنی جێگیری باری دەروونیان وەک کۆڕی شیعری و ئاهەنگی گۆرانی و نمایشی شانۆیی نمایشی فیلمی پەروەردەیی و کردنەوەی پێشانگای جۆراوجۆر.

## سیستەمی هەرێم دەربارەی چالاکییەکان.

**ماددەی ١٩**

لیژنەی هونەری  پلانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بۆ سزادراوان و نەوجەوانان دادەڕێژێت، بەم مەرجەی لایەنی کەم لەسەر ئاستی نەهێشتنی نەخوێندەواری بێت، هەروەها بەرنامە دادەنێت بۆ بەگەڕ خستن لە کاتی دەست بەتاڵی.

**ماددەی ٢٠**

پێویستە دەرفەت بۆسەرجەم سزادراوان و نەجەوانان برەخسێندرێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی وەرزەشی و خۆشگوزەرانی بۆ ئەوانەی خۆیان ئارەزوویان لێیەتی. لیژنەی هونەری یەکێک لە ئەندامانی دیاری دەکات بۆ سەرپەرشتی کردنی بەرنامەکانی بەگەڕخستن لە کاتی دەست بەتاڵی و چاودێریکردنی سزادراوان و نەوجەوانان لە ڕێگای پیادەکردنی چالاکییە جۆراوجۆەرکان.

**چاودێری تەندروستی و چارەسەری پزیشکی**

لە نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی هەرێمی کوردستاندا، هەر چاکسازیەک بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ چارەسەری و چاودێری تەندروستی و بە ندکراوان، وە لەهەر بارودۆخێکدا پێویست بکات بە ڕاپۆرتی بنکەی تەندروستی و بە ڕەزامەندی بەڕێوبەری چاکسازی سزادراو دەتواندرێت بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی دەرەوەی چاکسازی بە مەبەستی چارەسەکردن.

لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان چەند سزادراوێک بەپێی هەڵسەنگاندنی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی بەپێی تەمەن و جۆری تاوان لە هۆڵێکدا نیشتەجێ دەکرێن، گەرماو و تەوالێتی تایبەت بە خۆیان هەیە، هۆکارەکانی پاکوخاوێنیان بەردەوام بۆ دابین دەکرێت و سەرتاشخانەیان بۆ دابینکراوە، وە هەندێک ڕێککاری پێویستی وەک پابەندبوون بە پاکوخاوێنیان بەسەردا دەسەپێندرێت لە پێناو پاراستنی سەلامەتییان.

هەروەها سزادراوان سێ ژەم خواردنیان بۆ ئامادە دەکرێت و بەپێی ئەم بڕەی بۆیان دیاریکراوە، وە میوەی جۆراوجۆریان بەسەردا دابەش دەکرێت، جۆری میوەکانیش بەپێی وەرزەکانی ساڵ دەبێت.

وە هەر سزاداروێک لە نێو دۆسیەکەیدا بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە لایەنی تەندروستی و پشکنینەکانی هەڵدەگیرێن دەپارێزرێن.

وە سزادراوان بەهەر هۆکارێک کاتێک دەرەوە جلوبەرگی تایبەتی خۆیان دەپۆشن.

## سیستەمی هەرێم دەربارەی چارەسەر و چاودێری تەندروستی

**ماددەی ٢٦**

لە فەرمانگەی چاکسازیدا یەکەی کاروباری تەندروستی دادەمەزرێت بە هاوکاری لەگەڵ خاوەن پسپۆڕییەکان سەرپەرشتی تەندروستی جەستەیی و دەروونی عەقڵی سزادراوان و نەوجەوانان دەگرنە ئەستۆ، هەروەها پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خۆپارێزی چارەسەری، بۆ مەبەستی ئەم یەکەیە ڕێنمایی تایبەت دەردەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی بە هاوکاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی تەندروستی.

**ماددەی ٣٩**

**یەکەم:** پێویستە لە فەرمانگەی چاکسازی مەرجە تەندروستییەکان لە ڕووی پاکو خاوێنی و تەندروستی و ڕووناکییەوە دەستەبەر بکرێت.

**دووەم:** مەرجە خواردنی سزادراوان و نەوجەوانان تەندروستبێت بەپێی پێویست بێت و جۆراوجۆر بێت بە پێی ڕێنماییەکانی لیژنەی هونەری لە فەرمانگەی چاکسازی.

**سێیەم:**چارەسەری پزیشکی بەنشێوەیەکی بێ بەرامبەر بۆ سزادراوان و نەوجەوانان دابین دەکرێت لە چوار چێوەی:

١-وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کومەڵایەتی خزمەتگوزاری چارەسەری و خۆپارێزییەکان دەگرنە ئەستۆ.

٢-وەزارەتی تەندروستی دامەزراندنی پسپۆڕان لە بنکە تەندروستییەکان لە فەرمانگەی چاکسازی وە سەرپەرشتکردنی تەندروستی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەگرێتە ئەستۆ.

٣-بەڕێنماییەک کە بەڕێوەبەری گشتی پێشنیار دەکات تایبەتمەندییەکانی یەکەی کاروباری تەندروستی بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی دیار دەکات.

**چوارم:**

١-پێویستە سزادراوان و نەوجەوانان بایەخدان بە پاکوخاوێنی کەسێتیان بەسەردا بسەپێندرێت، لە پێناو ئەمەشدا پێویستە ئاو و کەلوپەل و پێداویستییەکانی پاککردنەوە و تەندروستییان بۆ دابین بکرێت.

٢-دەبێت سزادراوان و نەوجەوانان پارێزگاری لە ڕوخساری گونجاویان بکەن کە یارمەتیدەریان بێت بۆ ئەوەی ڕێزیان لێ بگیرێت، وە شوێنی تایبەت بۆ سزادراوان و نەوجەوانان تەرخان دەکرێت بۆ چاککردنی سەر و ڕیش.

٣-پێویستە فەرمانگە پۆشاکی تایبەتی وا بداتە سزادراوان و نەوجەوانان کە کەرامەتییان نەورشێنێت، وە لەگەڵ کەشەوهەوا گونجاوبێت و نابێت جل وبەرگەکان پیشەیی بن.

٤-پێویستە جلوبەرگی سزادراوان و نەوجەوانان هەمیشە پاک بن ئەمەش لە ڕێگای چاودێری بەردەوام و گۆڕینیان ناوە ناوە.

٥-لە بارودۆخی تایبەتدا ڕێگا بە سزادراوان و نەوجەوانان دەدرێت کە لە چاکسازی دەردەچن بە مۆڵەتێکی ڕێگا پێدراو جلوبەرگی تایبەتی خۆیان بپۆشن، یان جلوبەرگێک سەرنجی خەڵک ڕانەکێشێت.

**پەیوەندی بەندکراوان بە جیهانی دەرەوەی چاکسازی**

لە دامودەزگای چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان گرنگی زۆر دەدرێت بە برەودانی زیاتر و بەرەوپێشبردنی باشتری پەیوەندی

سزادراوان بە جیهانی دەرەوەی چاکسازی.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی و کارمەندانی یاسایی و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و بەڕێوەبەری گشتی و وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوام لە دۆزینەوەی ڕێگای نوێ و پێشکەوتوون بۆ ئەوەی پەیوەندی سزادراوان بە جیهانی دەرەوە پتەوتربکەن، چونکە ئەمە هۆکارێکی زۆر دەرەخسێنێت بۆ جێگری باری دەروونی سزادراوان و جێگیری شیرازەی خێزان.

کاتێک سزادراو کێشەیەکی دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی بە زووترین کات لەلایەن توێژەرانی کۆمەلایەتی و دەروونییەوە هەوڵ دەدرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و پەیوەندییەکان بەردەوامبن.

**پەیوەندی سزادراوان بە جیهانی دەرەوە ئێستا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی لە چەند بوارێک دەبینێتەوە:**

**سەردانی کردن:** سەردانیکردنی خزم و کەس و کار و منداڵی سزادراوان بۆ ناوچاکسازی بۆ لای سزادراو بە شێوەی بەردەوام بوونی هەبووە و ئاسانکاری زۆر کراوە بۆ کەسی سەردانیکەر بۆئەوەی بەردەوام بێت لە سەردانیکردن.

**پەیوەندی تەلەفۆنی و دەنگ و ڕەنگ:** بواری بۆ سزادراوان ڕەخسێندراوە پەیوەندی تەلەفۆنی بە هاوڕێکان و خزم و کەسیان بکەن، هەروەها لە ئێستادا پەیوەندی دەنگ و ڕەنگ بەشێوەی ڤیدیۆ بۆ سزادراوان ڕەخێسندراوە بە تایبەت ئەوانەی سزادراوی بیانین یان ئەوانەی ڕێگایان دوورە و ناتوانن هاتووچۆ بکەن.

**مۆڵەتی ماڵەوە:** مۆڵەتی ماڵەوە یەکێکی ترە لەو ڕێککارانەی سزادراوان دەبەستێتەوە بە جیهانی دەرەوە، مۆڵەت دەدرێت بە سزادراوان و نەوجەوانان ئەگەر کارێکی داهێنەرانە ئەنجام بدەن یان لیژنەی هونەری  پێشنیاری پێدانی مۆڵەت بۆ سزادراوان بکات لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتە باشەکانی، ئەمەش بەپێی چەند ڕێککارێکی یاسایی دەبێت.

**ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:** هۆکارێکی بەهێزە بۆ بەستنەوەی سزادراوان بە جیهانی دەرەوە، لە هەموو هۆڵێکدا تەلەفزیۆن بەردەستە بۆ سزادراوان وە هەروەها کتێبخانە و گۆڤار و ڕۆژنامە بەردەستە، بۆیان هەیە هەرکاتێک مەبەستیان بێت دەتوانن سوودی لێ ببینن.

**ژوانگەی خێزانی:** ژوانگەی خێزانی بە ڕێنماییەک پێشنیار کرا لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی و پەسەند کرا  لەلایەن وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی، دەرفەتێک بوو بۆ  ئەوەی شیرازەی خێزانی سزادراو بپارێزن لە هەڵوەشانەوە و لێکترازان ، ئەمەش لە ڕێگای بوار ڕەخساندن بۆ هاوسەری سزادراوان سەردانی چاکسازییەکان بکەن بۆ لای هاوسەرەکانیان و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر بە تەنیا لە شوێنێک بمێننەوە وەکو ژوانگەیەکی خێزانی.

**سیستەمی هەرێم دەربارەی پەیوەندی بەندکراوان بە جیهانی دەرەوە.**

**ماددەی ٣٨**

**یەکەم:** فەرمانگە بۆی هەیە ڕێنمایی تایبەت دابڕێژێت بە سەردانییە گشتییەکان، وە ئەو کەلوپەلانەی ڕێگای پێدەدرێت بهێندرێتە ژوورەوە بۆ سزادراوان و نەوجەوانان، وە ئەم کەلوپەلانەی ڕێگای پێنادرێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی تایبەتن بەمەوە.

**دووەم: سەردانە تایبەتەکان:** ئەم سەردانانە ئەنجام دەدرێن سەرەرای سەردانە گشتییەکان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری فەرمانگە ئەگەر هاتوو زۆر پێویست بوو وە هیچ ڕێگرییەکی ئەمنی لە ئەنجامدانی نەبوو، سزادراوان و نەوجەوانان ڕێگایان پێ دەدرێت پێشوازی لە سەردانیکەرەکەیان بکەن بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر لەم بارودۆخانەی خوارەوە:

١-سەردانیکەرەکە لە دەرەوەی ئەو پارێزگایە هاتبێت کە چاکسازییەکەی لێیە وە نەیتوانی بێت لە وادەی دیاریکراو سەردانی بکات.

٢- ئەگەر سەردانیکەرەکە ئەرکێکی تایبەتی خرابێتە ئەستۆ و دەرفەتی بۆ نەڕەخسابێت لە چوارچێوەی وادەی دیاریکراو.

٣- ئەگەر سەردانیکەر خۆی ئامادەکردبوو بۆ سەفەری دەرەوەی وەڵات.

٤- ئەگەر سەردانیکەرەکە پارێزەر بێت بۆ بریکاری یاخود تاوتویێ کاروباری بریکاریەتی لە گەڵدا بکات.

٥- ئەگەر سەردانەکە بە مەبەستی ڕێکخستنی دانانی غەرامەی سەپێندراوی ماددی بوو لەسەر سزادراو یان نەوجەوان، یان ئامادەکردنی قەرزێک کەپێی سزادربێت.

٦- ئەگەر سەڕدانیکەرەکە پزیشکی پسپۆڕ بوو.

٧- لە کاتی چەژن و بۆنەی ئاینی ئەو کەسانەی مۆسڵمان نین.

٨- ڕۆژی ٨ی ئادار / مارس کە ڕۆژی جیهانی ئافرەتانە ڕێگا بە سەردانیکردنی ئافرەتان دەدرێت.

٩- سەرەرای ئەمە سزادرا و نەوجەوانان پاداشت دەکرێن بە پێدانی هەلی زیاتری سەردانیکردن، لە کاتێکدا ئەگەر هەڵسو کەوتی باش بوو، بە ڕاسپاردەیەک لەلایەن لیژنەی هونەری و چاودێری تەندروستییەوە.

**سێیەم:** سزادراو زیاتر لە (١) مانگ بێ بەش ناکرێت لە سەردانیکردن، مەگەر بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی، وە بۆ زیاتر لە (٣) مانگیش بەهیچ شێوەیەک لێی بێبەش ناکرێت.

**ماددەی ٣٩ / چوارەم**

١-سزادراوان و نەوجەوانان مافی خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەم کتێبانەیان هەیە کە ڕێگا پێدراوان.

٢-سزادراوان و نەوجەوانان بۆیان هەیە نامە بنێرن بۆهەر کەسێک بیەوێت، وەنامەشی بۆ دێت لە هەر کەسێک بیەوێت، بەڕێوەبەرانی فەرمانگە چاکسازییەکانیش بۆیان هەیە لەکاتی پێویست بڕواننە ئەم نامانەی سزادراوان و نەوجەوانان کە دەیانێرێت یان بە دەستی دەگات.

## مۆڵەتی ماڵەوە

## سیستەمی هەرێم دەربارەی مۆڵەتی ماڵەوە

**ماددەی ١٤**

بەڕێوبەری گشتی فەرمانگە بۆی هەیە مۆڵەتی ماڵەوە بداتە سزادراوان و نەوجەوانان بەو مەرجەی ماوەکە لە (٥) تێپەر نەبێت جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتن، لە هەر مانگێکدا یەک جار، ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری و ڕێنمایی تایبەت و بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:**سزادراو و نەوجەوان سزا نەدرابێت بە تاوانێک  زیانی بە ئاسایشی ناوەخۆ و دەرەوە گەیاندبێت.

**دووەم:** سزادراو و نەوجەوان سزانەدرابێت بە تاوانی کوشتن یان شروع لە کوشتن یا خود ڕفاندن.

**سێیەم:** سزادراو و نەوجەوان چواریەکی ماوەی سزاکەی بەڕێکردبێت لە نێو چاکسازی، دوای لێدەرکردنی ماوەی ئازادکردنی بە مەرج کە دەیگرێتەوە بەو مەرجەی ماوەکە لە ساڵێک کەمتر نەبێت.

**چوارەم:** سزادراو نەوجەوان خاوەن ڕەفتار و هەڵسوکەوتی باش بن لە ناو فەرمانگە، ئەمەش بە پشتگیری کردنی لیژنەی هونەری و ن ئەندامانی.

**پێنجەم:** ژیانی سزادراو و نەوجەوان نەکەوێتە مەترسیەوە بە هۆی مۆڵەتەکەوە.

**ماددەی ٤١**

ئەگەر سزادراو و نەوجەوان لە مۆڵەتیماڵەوەی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە مۆڵەتەکەی دواکەوت لە پەیوەندیکردنەوە بە بەشەکەی بە هۆیەک کە بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری ڕەوایەتی دەدات ئەوە ماوەی دواکەوتنەکەی دەخرێتە سەر ماوەی سزاکەی، بەلام ئەگەر بەڕێوەبەری گشتی بڕیاری ناڕەوایی هۆیەکەی دا، ئەوە ماوەی دواکەوتنەکەی دەخرێتە سەر ماوەی سزاکەی و مۆڵەتی ماڵەوەشی لێ قەدەغە دەکرێت.

**ماددەی ٤٢**

ئەگەر سزادراو و نەوجەوان بە زیاتر لە ماددەیەک سزادرابوو، لەو سزایانەشی تێدابوو کە مۆڵەتی ماڵەوەی لێ قەدەغە دەکات، لەو کاتەدا شیاوی مۆڵەت وەرگرتن نییە، مەگەر دوای ئەوەی ئەم سزایە تەواو دەکات و ئەو مەرجانە دەیگرێتەوە کە لەم پەیڕەوەدا نووسراوە.

**ماددەی ٤٣**

بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە مۆڵەت بداتە ئەم سزادراوانەی شایستەن لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی لیژنەی هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەری چاکسازی بەو مەرجەی دژبەیەک نەبن لەگەڵ ئەم ڕێنماییانەی دەرچوونە.

## ئازادکردنی مەرجدار

ئازادکردنی مەرجدار واتە ئازادبوونی سزادراو پێش تەواو بوونی ماوەی سزاکەی،ئازادکردنی مەرجدار قۆناغێکە لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی سزا بەڵام بە شێوەیەک لە دەرەوەی دامەزراوەی چاکسازی، ئازادبوونی مەرجدار ئازادبوونی تەواوەتی ناگەیەنێ بە لَکو ئازادییەکان سنووردارن.

ئازادکردنی مەرجدار هۆکارێکە بۆ ئەوەی سزادراو پابەندی ڕێنماییەکانی دامودەزگای چاکسازی بێت بۆ ئەوەی سوودمەند بێت لەم سیستەمە وە دەبێتە هۆی باشبوونی هەڵسوکەوتی دوای ئازادبوونی لە پێناو ئەوەی دووبارە نەگەرێندرێتەوە نێو دامودەزگای چاکسازی.

ئازدابوونی مەرجداری سزادراوان بە بڕیاری دادوەر دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنی توێژەرانی کۆمەلایەتی تایبەتی سزادراوان و پەسەندکردنی لەلایەن بەڕێوەبەری چاکسازییەوە.

ئازادکردنی بەمەرج لە هەرێمی کوردستان سەرچاوەی گرتووە لە مەرجەکانی یاسای عێراقی بۆ ئازادکردنی مەرجداری سزادراوان.

## مەرجەکانی ئازادبوونی مەرجدار

-پێویستە سزادراوی گەورە سێ لەسەر چواری ماوەی سزاکەی لە نێو چاکسازی بەسەربردبێت.

-سزادراوی نەوجەوان پێویستە دوو لەسەر سێی ماوەی سزاکەی لە نێو چەکسازی بەسەربردبێت.

-تەواوی ئەم ماوەی سزادراو لە نێو چاکسازی بەسەر بردووە نابێت لە (٦) مانگ کەمتربێت.

-پاشماوەی ئەم سزایەی کە ماوەتەوە لە سزا ڕاستەقینەکە نابێت لە (٥) ساڵ زیاتربێت.

## ئەوسزادراوانەی ئازدبوونی مەرجدار نایانگرێتەوە

-ئەوسزادراوانەی دووبارە تاوانیان ئەنجام داوەتەوە.

-ئەو سزادراوانەی تاوانیان سێکسی و دەستدرێژیکردنە بۆ سەر نا مووسی خەڵک و نێربازی بەبێ ڕەزامەندی، یان دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی کەسێک کە (١٨) ساڵی تەواو نەکردبێت بەبێ بەکارهێنانی هێز، یان هەڕەشە یان فێڵبازی یان جووت بوون، یان تاوانی نێربازی لەگەڵ مەحرەمەکان یان تاوانی هاندان بۆ کاری بەدڕەوشتی.

-ئەوسزادراوانەی لە دادگای سەربازی دادگایی کراون.

-ئەو سزادراوانەی پێشتر سیستەمی ئازادکرنی بە مەرجیان بەسەردا جێبەجێکراوە و دووبارە تاوانیان ئەنجامداوەتەوە.

## ئازادکردنی مەرجدار لەچەند بارێکدا هەڵدەوەشێتەوە

-ئەگەر کەسی ئازادکراوی بە مەرج سزادرا بە سزای زەوتکردنی ئازادی،ماوەکەی کەمترنەبێت لە (٣٠) ڕۆژ بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێک یان کەتنێک بە ئەنقەست، کە هێشتان ماوەی سزا ڕەسەنەکەی تەواو نەکردبێت.

-ئەگەر کەسی ئازادکراوی بەمەرج سەرپێچی ئەو مەرجانەی کرد کە یاسا بۆی دیاریکردووە سەبارەت بە ئازادکردنی مەرجدار.

## هێزی جێبەجێکردن

هێزی جێبەجێکردن ئەو کارمەندانەی چاکسازین کە ئەرکیان بریتیە لە پارەستنی ئاسایشی سزادراوان و بەڕێوبەرایەتی چاکسازی و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی،وە

کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە لە ناکاوەکانی نێو بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی وەک ( هەڵاتن،مانگرتن،شەڕکردن) ، ئەم هێزە پێک دێت لە (مەئموور، چاودێر،پاسەوان)

## سیستەمی هەرێم دەربارەی هێزی جێبەجێکردن

**ماددەی ١**

**١-هێزی جێبەجێکردن:** ئەو هێزەیە کە فەرمانگەی چاکسازی لە ڕووی ئاسایشەوە دەپارێزێت، پێکهاتووە لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرانی چاکسازی مەئمووران و چاودێران و پاسەوانانی چاکسازی.

**٢-مەئموور:**مەبەست لێی مەئمووری چاکسازییە پلەی بەرامبەرە بە ئەفسەری پۆلیس لە ناو چاکسازیدا.

**٣-چاودێر:**مەبەست لێی چاودێری چاکسازییە پلەی بەرامبەرە بە ڕێپێدراوی پۆلیس لەناو چاکسازیدا.

**٣-پاسەوان:**مەبەست لێی پاسەوانی چاکسازییە بۆ کاروباری ناوەخۆی و دەرەکی.

**ماددەی ٢٩**

هێزی جێبەجێکردن پێکدێت لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەری چاکسازی گەوران و بەڕێوەبەری چاکسازی ژنان و نەوجەوانان و مەئمووران و چاودێران و پاسەوانانی چاکسازی.

**ماددەی ٣٠**

ڕێککاری سەربازی بەسەر تەواوی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن پیادە دەکرێت،پابەندی فەرمانەکانن وەک چۆن لە هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ هەیە.

**ماددەی٣١**

پاسەوان و چاودێری و مەئمووران پاراستنی ئاسایش و پێڕەوی ناوەخۆ و دەرەوەی چاکسازی دەگرنە ئەستۆ.

**ماددەی ٤٦**

بە ڕێنماییەک کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئامادەی دەکات وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەریدەکات شێوەی پۆشاکی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن وە ئەم

ژمارەیەی کە سالانە دەدرێت لە جلوبەرگ لە گەڵ کاتی ئامادەکردنەکەی دیاری دەکرێت بۆ هەر تاکێک لە کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن.

**ماددەی ٢٧ سزا تەمبێکارییەکان**

بەڕێوەبەری گشتی دەسەلاتی سزا تەمبێکارییەکانی سەر گشت سزادراوان و نەوجەوانان دەداتە بەڕێوەبەری بەڕێوبەرایەتییەکان، لە کاتی ئەنجامدانی هەر سەر پێچییەکی ئەم پەیڕەو و ڕێنماییانەی بەپێی بەرنامەی شیاندن و کاری پێویست دەردەچن ئەمەش لە ڕێگای:

١-بێ بەشکردن لە چالاکییە وەرزشییەکان بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە (٣) مانگ.

٢-بێ بەشکردن لە نامە گۆڕینەوە.

٣-بێ بەشکردن لە سەردانییەکان بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە (٣) مانگ.

٤-دەستبەسەرکردن لە ژووری تاکەکەسی و ڕێگادان لە بێبەشکردنی بردنە ژوورەوەی ژەمە خۆراکی تایبەت.

**ماددەی ٢٨**

بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکە بۆی هەیە سزایەکی تەمبێکاری ڕەتبکاتەوە یان سووکی بکات بەسەر سزادراو دەسەپێندرێ، بە گوێرەی ڕێنمایی و فەرمانانەی دەرکراون دوای بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەلایەن لیژنەی هونەری و توێژەری تایبەتی کۆمەڵایەتی کە هەڵسوکەوتی سزادراو چاک بوبێت.

## ڕێنمایی بەکارهێنانی چەک بۆ هێزی جێبەجێکردن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی:

**ماددەی ١:** بۆکارمەندانی هێزی جێبەجێکردن هەیە هێزبەکاربهێنن بە چەک و بێ چەک بێ گەڕانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەم بارودۆخانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەرگریکردن لە خود، لە کاتێکدا کە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن،وە یاخود ڕاوەدوونانی سزادراو لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن.

**دووەم:** پارێزگاریکردن لە بەشەکانی چاکسازی.

**سێیەم:**پارێزگاریکردن لە کارمەندانی چاکسازی وەیان فەرمانبەرانی سەر بە چاکسازی، یان ئەوکەسانەی لە دەرەوەی چاکسازی لەو کاتەی لە نێو بەشەکانی چاکسازی دەبن وە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانیان.

**چوارەم:** پارێزگارپیکردن لە سزادراوان و نەوجەوانان، وە ڕێگرتن لە ڕاکردنیان لە نێو چاکسازی یاخود لە دەرەوەی چاکسازی لە کاتی ڕەوانە کردنیان بۆ دادگا یا نەخۆشخانە یان هەر شوێنێکی تر.

**پێنجەم:**بۆ کۆتایی هێنان بە هەر گرژی و یاخی بوونێک کە لە نێو چاکسازییەکاندا ڕوودەدەن،لەو کاتانەی هەوڵی شکاندنی دەرگای چاکسازییەکان دەدرێت.

## ڕێنمایی بەکارهێنانی چەک بۆ هێزی جێبەجێکردن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازی:

**ماددەی ١:** بۆکارمەندانی هێزی جێبەجێکردن هەیە هێزبەکاربهێنن بە چەک و بێ چەک بێ گەڕانەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەم بارودۆخانەی خوارەوە:

**یەکەم:** بەرگریکردن لە خود، لە کاتێکدا کە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانی کارمەندانی هێزی جێبەجێکردن،وە یاخود ڕاوەدوونانی سزادراو لە کاتی هەوڵدان بۆ ڕاکردن.

**دووەم:** پارێزگاریکردن لە بەشەکانی چاکسازی.

**سێیەم:**پارێزگاریکردن لە کارمەندانی چاکسازی وەیان فەرمانبەرانی سەر بە چاکسازی، یان ئەوکەسانەی لە دەرەوەی چاکسازی لەو کاتەی لە نێو بەشەکانی چاکسازی دەبن وە مەترسی هەبێت لەسەر ژیانیان.

**چوارەم:** پارێزگارپیکردن لە سزادراوان و نەوجەوانان، وە ڕێگرتن لە ڕاکردنیان لە نێو چاکسازی یاخود لە دەرەوەی چاکسازی لە کاتی ڕەوانە کردنیان بۆ دادگا یا نەخۆشخانە یان هەر شوێنێکی تر.

**پێنجەم:**بۆ کۆتایی هێنان بە هەر گرژی و یاخی بوونێک کە لە نێو چاکسازییەکاندا ڕوودەدەن،لەو کاتانەی هەوڵی شکاندنی دەرگای چاکسازییەکان دەدرێت.

## رینمایی کە لوپە لی قە دە غە کراو بو ناو چاکسازییە کان:

١-قە دە غە کردنی مادده ی هۆ شبە ر بە هە موو جۆر و پیکهاتە کانی.

٢- قه ده غه كردنی پاره و زێر جگه له خه رجی گیرفان كه دیاریكراوه به بری(٥٠) هه زار دیناری عێراقی بۆهەرمانگێک

٣- قه ده غه كردنی هه موو ئامێرەكی تۆماڕكردنی ده نگ و كاسێت و فیلمی قه ده غه كراو و ته له فزیون و پله ی ستیشتن سه رجه م ئامێره ئەلیکترۆنی و كاره بايیه كان و به هه موو جۆرێک جگه له وانه ی فه رمانگه دابینیان ده كات.

٤-پەررتووک و روژنامه و گۆڤار و بڵاوكراوەی قەدەغەكراو  كراو.

٥-ئامێری بریندارکه ر و یاری ،ئاگرین جگه له م چەقۆیه كه چاكسازییه كان دیاری ده كه ن بۆسزادراوان به مه رجی به ستنه وه ی به زنجیرێکی یه ک مه تری.

٦- قەدەغەكردنی ئامێری پەیوەندیكردن به هەموو جۆرێک جگه لەوەی فەرمانگەی دابینی دەكات.

٧-قەدەغەكردنی بردنه ژوورەوەی هەموو جۆره خواردنێک، تەنیا ئەوانەی لەلایەن بەڵێندەران دابین دەكرێن به پێی ناوەڕۆكی گرێبەست و خشتەی خوراک.

٨-قەدەغەكردنی بردنه ژوورەوەی هەموو جۆره دەرمانێک جگه لەوانەی لەلایەن پزیشكەوە ڕازامەندی لەسەر دەدرێت.

## چاودێری پاشینه:-

چاودێری پاشینه سەرپەرشتیكردن و چاودێكردنی ئەو سزادراوانەی له ئەستۆیه كه كەمتر له (٣) مانگیان ماوه بۆ ئازادبوو، ئەركی توێژەرانی كۆمەڵایەتی ئەم هۆبەیه بریتیه له ئاشناكردنی تەواوەتی سزادراو به جیهانی دەرەوە، وه پێویسشه لەلایەن توێژەرانی ئەم هۆبەیه بەر له ئازادبوونی سزادراو هەماهەنگی بكەن لەگەڵ لایەنه پەیوەندیدارەكانی دەرەوە بۆ دۆزینەوەی كار و شوێنی حەوانەوە بۆ ئەو سزاداوانەی بێكارن یان بێ شوێنن ، وه دوای ئازادبوونی سزادراوان لەلایەن توێژەڕانی ئەم هۆبەیەوە چاودێری  ژیان و گوزەرانی كەسی ئازادكراو دەكرێت بۆ ئەوەی هاوكاری بێت له دووركەوتنەوە له هەڵسوكەوتی خراپ و نەشیاو، وه پیشاندانی ڕێگای ڕاست و دروست.

چاودێری پاشینه بۆ سزادراوانی نەوجەوان پێویستییەكی گەورەیه و پاڵپشتییەكی بەهێزە بۆ نەوجەوان دوای ئازادبوون، چونكه تەمەنیان نەگەیشتۆته ئەو ئاستەی بتوانن بەتەواوی بڕیار لەسەر كاری دروست یان نا دروست بدەن! بۆیه یاسای چاودێری

نەوجەوانی عێراقی ژمارە (٧٦) ساڵی ١٩٨٣ گرنگەیەکی تایبەتی بە چاودێریکردنی نەوجەوانان داوە دوای ئازادبوون بەم شێوەی خوارەوە...

**ماددەی ١٩:**

مەبەست لە چاودێری پاشینە چاودێری نەوجەوانانە لە دوای کۆتای هاتنی دانانی لە قوتابخانەی شیاندن بە شێوەیەک دەستەبەری تێکەڵ بوونی بە کومەڵگا و ڕێگری بکات لە گەڕاندنەوەی لە لادان.

**ماددەی ١٠٠**

**یەکەم-**

**أ-** بەشی چاودێری پاشینە سەربە فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان لە دەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی هەڵدەستێت بە چاودێری نەوجەوان لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دانانی لە قوتابخانەکانی چاکسازی، بەرپرسێک سەرۆکایەتی دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریۆس بێت لە زانستی کۆمەلایەتی یان خزمەتگوزاری کۆمەلایەتی یان زانستەکانی تری پەیوەندیدار بە کاروباری نەوجەوانان و شارەزای هەبێت لە (٥) ساڵ کەمتر نەبێت.

**ب-** بەرپرسی چاودێری پاشینە هەڵدەستێت بە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی توێژەرە کۆمەلایەتییەکان کە سەر بە خانەکانی ئەون.

**دووەم:** توێژەری کۆمەلایەتی هەڵدەستێت بە چاودێری پاشینە وە دەکرێت لە کاتی پێویست داوای یارمەتی لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بکات.

**ماددەی ١٠١ :**

لەسەر قوتابخانەی شیاندنە پێش کۆتای هاتنی ماوەی دانانی بە ماوەیەک کەمتر نەبێت لە سێ مانگ ئەم ڕێککاریانەی خوارەوە ئەنجام بدات.....

**یەکەم/** پێدانی ناوی ئەو نەوجەوانەی ماوەی دانانی تەواو دەبێت لەگەڵ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر بە بەشی چاودێری پاشینە.

**دووەم/** دانانی نەوجەوان لە جێگایەکی تایبەت کە زۆر ترین ئازادی بۆ دەستەبەر بکات.

**سێیەم/** پێدانی مۆڵەتی زیاتری چوونە ماڵەوە بە مەبەستی دووبارە ڕاهێنانەوەی ژیانی کۆمەلایەتی.

**چوارەم/** نەوجەوان ڕادەسپێردرێت بە هەندیێ کاری زیاتر، ئەوکارانەی دەبنە هۆی بڕوابوون بە خۆی، لە ناوقوتابخانەی شیاندن یان دەرەوە.

**ماددەی ١٠٢ :**

بەشی چاودێری پاشینە هەڵدەستێ بە پەیوەندی کردنی بە نەوجەوانەوە پێش دەرچوونی لە قوتابخانەی شیاندن لە ڕێگای توێژەری کۆمەڵایەتی ئەوەش:

**یەکەم/** بۆ پێدانی ڕێنمایی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی پێداویستییەکانی ژیانی نویێ ویارمەتی دانانی لە وەرگرتنی بڕیارە دروستەکان.

**دووەم/** بۆ وەستان لەسەر تواناکان و ئامادەییەکانی تا چەند گونجاوە لەگەڵ مەرجەکانی ئەو کارەی ئارەزووی دەکات.

**سێیەم/** یارمەتی دانی بۆدەستەبەری ئەو بەڵگەنامانەی پێویست دەکات بۆ بەدەست هێنانی کار.

**چوارەم/** بۆناسینی ئەو ژینگەیەی ئارەزوو دەکات پەیوەندی پێوەبکات لە دوای دەرچوونی لە قوتابخانەی شیاندن بۆ گێڕانەوەی پەیوەندی یان پەیوەندی خێزانی.

**پێنجەم/** بۆپێشکەش کردنی ئەو یارمەتییانەی هۆکاری دەبێت بۆبەدەست هێنانی جێگای نیشتەجێبوون بە شێوەی کاتی یان بەردەوام.

**ماددەی ١٠٣ :**

بۆ بەشی چاودێری پاشینە هەیە بەخشینێکی دارایی گونجاو پێشکەش بکات بە نەوجەوان بۆ یارمەتی دانی لە:

**یەکەم/** دابینکردنی پێدویستییە هەنووکەییەکانی.

**دووەم/** گۆڕینی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژیا لە کاتی لادانی ئەگەر هاتوو هۆکاربێت بۆ ئەوە.

**ماددەی ١٠٤:**

لەسەر بەشی چاودێری پاشینەیە کار بکات لەسەر دابینکردنی شوێنێک بۆ گرتنە خۆی نەوجەوانان ئەوانەی ماوەی دانانیان کۆتایی هاتووە و جێگایەکی گرتنە خۆیان نییە دەستبەجێ بۆی بچن بۆ ماوەیەک لە سێ مانگ زیاتر نەبێت.

**ماددەی ١٠٥:**

یه که م /   ئەگەر سەلمێندرا نەوجەوانان چاودێری خێزانی لە دەست داوە لەسەر بەشی چاودێری پاشینیە داوا لە دادگای نەوجەوانان بکات بۆ دەرکردنی بڕیارێک بە دانانی لە یەکێک لە خانەکانی دەوڵەت.

**دووەم/** ئەگەر دانراو تەمەنی هەژدە ساڵی تەواو کردوو چاودێری خێزانی لە دەستدابێت یان لە ژیان خۆی دڵنیا نەبێت لە کاتی ڕادەست کردنەوەی بە کەسوکاری لەسەر بەشی چاودێری پاشینەیە داوا لە دادگای نەوجەوانان بکات کە بڕیاری دانانی دەرکردووە بڕیار بدات بە دالدەدانی لە خانەی کچە لاوە پێگەیشتووەکان تاکو دەگاتە (٢٢) ساڵ یان تاکو دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆکێشەکەی یان بە هاوسەر بوون یان دۆزینەوەی کارێکی گونجاو و یان ڕادەست کردنەوەی بە کەسوکاری بەومەرجەی ئەگەر خۆی بەوە ڕازی بێت.

**سێیەم:**

**أ /** لەسەر بەشی چاودێری پاشینەیە بەڵگەنامەی سەلماندنی کەسێتی بۆ دانراوەکان (کوڕ و کچ) دەربکات، ئەوانەی بەدەستیان نە هێناوە و چاودێری خێزانیان ون کردووە، لەسەر گشت خانەکانی دەوڵەت و قوتابخانەکانی شیاندنە ئاگاداری بەشی چاودێری پاشینە بکاتەوە لە ناوی دانراوەکانیان ڕاستەوخۆ لەکاتی دانانیان ئەوانەی بەڵگەی سەلماندنی کەسێتیان نییە بە مەبەستی دەرکردنی لە میانەی ماوەی دانان، بەرپرسی بەشی چاودێری دواتر بە هاوشێوەی ڕاسپێر دادەنرێت کە بە دەق هاتووە لە برگەی (٢) لە ماددەی (٣٢) لە یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (٦٥)ی ساڵی (١٩٧٥ز) هەموار کراوە.

**ب /** ئەگەر بەشی چاودێری پاشینە نەیتوانی بەڵگەنامەکانی سەلماندنی کەسێتی دەربکات بۆ داندراوەکان (کوڕ و کچ) وە ئەوانەی چاودێریان لە دەستداوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە هەڵدەستێت بە پێدانی بەڵگەنامەکانی سەلماندنی کەسێتی گونجاو بۆیان لەسەر داوای فەرمانگەی چاکسازی نەوجەوانان لەسەر ئەم کارە.

**ماددەی ١٠٦:**

ئەو نەوجەوانانەی ماوەی دانانی تەواو کردووە لە پێشترن لەلایەن نوسینگەی کارکردن بۆ ئیش پێکردن.

**ماددەی ١٠٧ :**

بەشی چاودێری پاشینە بۆی هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی داوای یارمەتی بکات لە چاودێری ڕەفتار یان پۆلیسی نەوجەوانان یان لیژنەی ڕاوێژکارییەکانی خێزانی.
**(سیستەمی ژمارە (١) ی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨: وەقایعی کوردستان ژمارە ٨٤)**

**بەراوردکردن و جیاوازی سیستەمی چاکسازی لە نێو دامودەزگای سزای وەڵاتان و هەرێمی کوردستان لە کۆن و ئێستادا.**

دوابەدوای لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لە سیستەمی چاکسازی وڵاتان و هەرێمی کوردستان لە کۆندا تاکو ئێستا، بەڕوونی بۆمان دەرکەوت کە سیستەمی چاکسازی گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە، جیاوازییەکەی هەر لەسەرتاوە دەردەکەوێت کە لە کۆندا ئامانجی سەرەکی بەندیخانەکان تۆڵەسەندنەوە بوو لەتاوانباران، بۆ هەموو تاوانباران یەک جۆر سزا هەبوو، سیستەمەکی زۆر تۆند جێبەجێ دەکرا لەنیو بەندیخانە، لە ڕووی بینا و مامەڵەی دەستەی کارگێری لەگەڵ بەندکراوان ،بوونی ژمارەیەکی زۆری پاسەوان لە دەوری بەندیخانەکان،نەبوونی سیستەمی چاکسازی بۆ سزادراوان بەئامانجی نەهێشتنی هۆکاری تاوان لەسەر سزادراوان. بەڵام لە ئێستادا ئامانجی سەرەکی بریتییە لە چاکسازی سزادراوان و چاکردنەوەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی، بۆ ئەوەی وەک تاکێکی ئاسای بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا.هەروەها گۆڕانگاری لە ڕووی سزایەکان وبیناکان و کەمی ژمارەی پاسەوان لە دەوری بەندیخانە ئەمەش وادەکات بەندکرا مەتمانەی بەخۆی هەبێ و هەولی ڕاکردن نەدات تا ماوەی تەواو بوونی سزاکەی، هەروەها مامەڵەکردنی دەستەی کارگێری لەگەڵ سزادراوان تاڕادەیەکی باش گۆراوە ، جگەلەمەش بوونی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە هەموو لایەنەکانەوە ،وە گۆڕانکاری لە چۆنیەتی ئازادبوونی سزادراوان کروە.هەمووئەمانەش ئەمانەش بۆ بۆمەبەستی چاکسازی کردنی سزادراوان بۆئەوەی وەک تاکێکی ئاسای بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا و وە نەهێشتنی کاریگەری هۆکاری تاوان لەسەر سزادراو بۆئەوەی دوای تەواو بوونی سزاکەی دووبارە تووشی لادان و تاوان نەبێتەوە. لەگەڵ بوونی ئەم چاکسازییە لە نێو بەندیخانە هەندێک سزا هەیە کاتێک سزادراو سەرپێچی ڕێسای بەندیخانە دەکات، ئەمەش بەئامانجی ئەوەی سزادراو پەیرەوەی ڕێسای بەندیخانە بکا.

**باسی چوارەم : ڕۆڵی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە چاکسازی :-**

توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە بەرەوپێشبردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی مەترسی دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوان و

دوورکەوتنەوە لە هەڵسوکەوتی خراپ و گۆڕینی ڕەفتاری سزادراوان بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر و گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا بە شێوەیەکی تەندروست.

**بەشێوەیەکی گشتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی ئەم ئەرکانەیان لە ئەستۆیە لە نێو دامودەزگا چاکسازییەکان:**

- ❖ – کارکردن لەسەر دۆسیەی سزادراوان هەر لە یەکەم هەنگاوی هاتنی سزادراوان بۆ نێو دامودەزگای چاکسازی بە وەرگرتنی زانیاریە کەسیەکانی سزادراوان و هەڵسەنگاندنی سەرەتایی با سزادراوان و پۆلێنکردنیان و دانانیان و لە شوێنێکی شیاو.
- ❖ – چاودێریکردنی بەردەوامی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی سزادراوان و هەڵسەنگاندنیان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ڕۆژانەیان و بە دۆکیۆمێنت کردنی گۆڕانکارییەکان.
- ❖ – داڕشتنی پلانی ماوەی سزا بۆ هەر سزادراوێک بە پێی دۆخی تایبەتی سزادراوەکە.
- ❖ – دەست نیشانکردنی ئەو چالاکییانەی کە پێویسە سزدراو بەشداری تێدا بکات.وە هاندانی و پیشتوانیکردن و ئاسانکاری بەردەوامی سزادراوان بۆ فێربوونی پیشە و بەردەوامبوون لە خوێندن.
- ❖ – جێبەجێکردنی بەرنامەی تایبەت بۆ ئەو سزادراوانەی ئاڵوودەن بە ماددەی هۆشبەر یان توندوتیژ و شەڕانگێزن.
- ❖ – ئەنجامدانی سیمیناری بەردەوام بە شێوەڕ گرووپ بۆ سزادراوان دەربارەی بابەتەکانی خۆپاراستن لە ڕەفتاری تاوانکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیار و بابەتەکانی پێگەیاندنی مرۆیی.

❖ – هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان سزادراوان و خانەوادەکانیان.
❖ – سەردانی کردنی خانەوادەکانی سزادراوان یان بانگهێشت کردنیان بە مەبەستی دروستکردنی ئاشتەوایی لەم کاتانەی کە پەیوەندیان پچڕاوە یان خراپە.
❖ – دروستکردنی هەماهەنگی و کار ئاسانی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ بەرەوپێشبردنی دۆخی سزادراوەن لە بواری جیاجیاکان.
❖ – دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ بەشی یاسایی بۆ ڕایکردنی کاروباری دادگا و بابەتە یاساییەکانی پەیوەنداری بە ڕاگیراوان.
❖ – چاودێریکردنی و سەرپەرشتیکردنی ئەو سزادراوانەی ئازاد دەبن لەلایەن توێژەرانی چاودێری پاشینەوە، بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە هەر ڕەفتارێکی لادەرانە لە دوای ئازادبوونیان.
❖ – بەشداربوون وەک ئەندام یان سەرۆک لیژنە لە لیژنە هاوبەشەکانی نێو دامودەزگای چاکسازی وەک لیژنەی هونەری و لیژنەی لێکۆڵینەوە و لیژنە جۆراوجۆرەکانی تر.
❖ – هەڵسەنگاندنی بەردەوامی سزادراوان و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری چاکسازی بەمەبەستی پێدانی بابەتەکانی ئازادبوونی بەمەرج یان مۆڵەت یان هەر بابەتێکی تر کە سوود بە سزادراو بگەیەنێت.(رزگار،٢٠٢١: ١٥٦ تا ١٥٨)

## بەربەستەکانی بەردەم کاری توێژەر:-

❖ – نەبوونی چوارچێوەیەکی بەرفراوان بۆ نیشتەجێکردنی بەندکراو یان (نەبوونی دامەزراوەیەکی گونجا).
❖ – هەبوونی ئاستەنگ بۆچارەسەرکردنی بەندکراو بەهۆی کەمی ژمارەی توێژەران و زۆری ژمارەی بەندکراوان.
❖ – تێکەڵەکردنی بەندکراوی ڕاگیراو لەگەڵ سزادراو.
❖ – بوونی منداڵی سزادراوان لە نێو دامەزراوەی چاکسازی نەزانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یان وەک تاوانبار یان کەسێکی ئاسای. .(نوشار قاسم عبدالله،بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە ، چاوپێکەتن ٢٠٢٤/٢/٦)

# دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە

**بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کارایی مەیدانی توێژینەوە**

**بەشی پێنچەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان**

**باسی یەکەم / خستنە رووی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوە**

**باسی دووەم: زانیارییەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەران**

**باسی سێیەم/ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان**

**بەشی چوارەم: چوارچێوەی تیۆری و کارایی مەیدانی توێژینەوە.**

**١. میتۆدی توێژینەوە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی میتۆدێک یان چەند میتۆدێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە توێژەر لە میانی توێژینەوەکەیدا پەیڕەوی دەکات بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان. میتۆد ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەنەی کە گرفتی بابەتی توێژینەوەکە دەیخاتەروو، ئەوکاتەی کە توێژەر یان مرۆڤێکی ئاسایی رووبەرووی گرفتێک دەبێتەوە دەستدەکات بە بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکە.

لەم توێژینەوەدا میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی تێدا بەکارهاتووە،بەلای (هاریسۆن)ەوە ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی توێژینەوەی زانستی و گوزارشت لە کۆمەڵە هەنگاوێکی

زانستیانەیە بۆ توێژینەوە و چارەسەکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی سنوری ناوچەیەکی دیاریکراو.(محمد،الحسنی،١٩٨١:٥٦).

**٢. کۆمەڵگای توێژینەوە**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر.

**٣. نموونەی توێژینەوە**

نموونەی توێژینەوە ڕێگایەکە کە بە هۆی ئەوەی توێژەر ناتوانێ سەرجەم کۆمەڵگای توێژینەوە بدوێنێ، بۆیە هەڵدەستێ پەنا بۆ نموونەی توێژینەوە دەبات بۆئەوەی گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵگاکەی بکات، لەم توێژینەویە ڕێژیەکی دیاریکراو لە بەندکراوان وەردەگرین ژمارە یان ٥٠ بەندکرا و بوو ١٥ لە رەگەزی مێ ،٣٥ لە رەگەزی نێر.

لەم توێژینەوەدا نموونەی(مەبەستدار) وەردەگرین واتا تەنها مێرمنداڵ(**نەوجەوان**) وەردەگرین.

**٤. بوارەکانی توێژینەوە:**

هەر توێژینەوەیەکی مەیدانی بێ دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوە هیچ مانایەک نابەخشێ بۆیە گرنگە لە توێژینەوەیەکی مەیدانی دا بوارەکان دیاربکرێ بەم شێوەیە دەیخەینە ڕوو:

**أ-بواری شوێنی:**

مەبەستمان لێی ئەو شوێنەیە کە توێژینەوەکەی لێ ئەنجام دراوە،ئەم توێژینەوەیەش لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر.

**ب- بواری مرۆیی:**

بواری مرۆیی توێژینەوەکەمان پێک دێت لە (٥٠) بەندکراوی نێوبەڕێوبەرایەتی چاکسازی،لەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ ،تەمەنیان( ١٣ بۆ ٢٢ ) ساڵی دایە دەگرێتەوە.

**ج- بواری کاتی:**

تێکرای ئەو ماوە کاتیە دەگرێتەوە کە بە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی خایاندوەیەتی، ئەم توێژینەوەی ئێمەش لەڕێکەوتی (٢٤-٣-٢٠٢٤) دەستمان پێکرد لە ڕێکەوتی (١٦-٤-٢٠٢٤ ) کۆتای پێهاتووە.

**٥. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوە:**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری جۆراوجۆرن و بنەمای سەرەکین بۆ بەدەست هێنانی داتاو زانیاری بۆ توێژینەوە. لەم توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری سودمان لە ئامرازی(**فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن**) وەرگرتووە.

فۆرمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوە لە **(٢٥)** پرسیاری گشتی و تایبەتی پێک هاتووە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە دابەش کراوەن.

چاوپێکەوتن لە کۆمەڵێک پرسیار پێک هاتووە بە شێوەی کراوە لەگەڵ توێژەرەکان ئەنجامدراوە.

**٦. کەرەستە ئامارییەکان:**

❖ **ڕێژەی سەدی**

**ڕێژەی سەدی** = $\frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times 100$

# بەشی پێنچەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

## باسی یەکەم / خستنە رووی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوە

### خشتەی ژمارە (١) تەمەنی نموونەی توێژینەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | تەمەن |
|---|---|---|
| 54٪ | ٢٧ | ١٣-١٦ |
| 46٪ | ٢٣ | ١٧-٢٢ |
| 100٪ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ٥٤٪ تەمەنیان لە نێوان (١٣-١٦) ساڵییە ڕێژەی ٤٦٪ تەمەنیان لە نێوان (١٧-٢٢) ساڵییە.

### خشتەی ژمارە (٢) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕەگەز |
|---|---|---|
| 70٪ | ٣٥ | نێر |
| 30٪ | ١٥ | مێ |
| 100٪ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ٧٩٪ ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی ٣٠٪ ڕەگەزی مێن.

### خشتەی ژمارە (٣) شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | ڕەگەزشوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| 53٪ | ٢٦ | نێرسەنتەری شار |
| 20٪ | ١٠ | قەزا |
| 28٪ | ١٤ | ناحیە |
| 0٪ | ٠ | لادێ |
| 100٪ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ڕێژەی ٥٢٪ لەسەنتەری شارن، ٢٠٪ لە قەزان، ٢٨٪ لە ناحیە دەژین.

**خشتەی ژمارە (٤) باری ئابووری نموونەی توێژینەوە**

| باری ئابووری | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **زۆرباش** | ١ | ٪2 |
| **باش** | ١١ | ٪22 |
| **مام ناوەند** | ٢٧ | ٪54 |
| **خراپ** | ١٠ | ٪20 |
| زۆر خراپ | ١ | ٪2 |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ٢٪ باری ئابووری زۆر باشە، ٢٢٪ باری ئابووری باشە، ٥٤٪ باری ئابووری مام ناوەندە، ٢٠٪ باری ئابووری خراپە، ٢٪ باری ئابووری زۆر خراپە.

**خشتەی ژمارە (٥) ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە**

| ئاستی خوێندن | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **سەرەتای** | ١٧ | ٪34 |
| **بنەڕەتی** | ٢٦ | ٪53 |
| **ئامادەی** | ٧ | ٪14 |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ٣٤٪ ئاستی خوێندنی سەرەتاییە، ٥٢٪ ئاستی خوێندنی بنەڕەتییە، ١٤٪ ئاستی خوێندنی ئامادەییە.

**خشتەی ژمارە (٦) شێوازی پێشوازی بەندکراوان لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | ٤٨ | ٪96 |
| **نەخێر** | ١ | ٪3 |
| **تاڕادەیەک** | ١ | ٪2 |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٩٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەن پێشوازیان لێکراوە، ٢٪ لەگەڵ ئەوەن  پێشوازیان لێنەکراوە، ٢٪ لەگەڵ ئەوەن تاڕادەیەک پێشوازیان لێکرایە.

**خشتەی ژمارە (٧)  ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئاشناکردنی بە ئەرک و مافەکانت لەناو چاکسازی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٤ | 88٪ |
| نەخێر | ١ | 2٪ |
| تاڕادەیەک | ٥ | 10٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ٨٨٪ بەندکراوان ڕایان وایە توێژەری کۆمەڵایەتی ئاشنای کردوون بە یاسا و ڕێسای نێو فەرمانگەی چاکسازی، ٢٪ ڕایان وایە ئاشنانەکراوان، ١٠٪ ڕایان وایە تاڕادەیەک ئاشناکراوەن بە یاساو ڕێسای نێو فەرمانگەی چاکسازی.

**خشتەی ژمارە(٨) چاوپێکەوتنی تاکەکەسی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەندکراوان ئەنجامدەدا بۆ زانینی هۆکاری کێشەکەی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٤ | 88٪ |
| نەخێر | ٢ | 4٪ |
| تاڕادەیەک | ٤ | 8٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ٨٨٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون کە توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی تاکەکەسی لەگەڵ ئەنجام داوەن بۆ زانینی هۆکاری کێشەکەیان، ٤٪ بەندکراوان ڕەتی دەکەنەوە توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی تاکەکەسی لەگەڵ ئەنجام

دابن، ٨٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی تاکەکەسی لەگەڵ ئەنجام دابن.

**خشتەی ژمارە (٩) مەتمانەی بەندکراو بە توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | ٣١ | ٪62 |
| **نەخێر** | ١ | ٪2 |
| **تاڕادەیەک** | ١٨ | ٪36 |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ٦٢٪ بەندکراوان مەتمانەیە بە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی کێشەکەیان بۆ چارەسەربکات، ٢٪ بەندکراوان مەتمانەیان بە توێژەری کۆمەڵایەتی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان،٣٦٪ بەندکراوان تاڕادەیەک مەتمانەیان بە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ چارەسەری کێشەکەیان.

**خشتەی ژمارە (١٠) چاوپێکەوتنی توێژەری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خێزانی بەندکراوان بۆ زانینی هۆکاری کێشەکە**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەڵێ** | ٢٦ | ٪52 |
| **نەخێر** | ٨ | ٪16 |
| **تاڕادەیەک** | ١٦ | ٪32 |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەرکەوت ٥٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون کە توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەتنی لەگەڵ خێزانەکانیان ئەنجامدایە، ١٦٪ بەندکراوان ڕەتیان کردۆتەوە کە توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەتنی لەگەڵ خێزانەکانیان ئەنجامدابی، ٣٢٪ ڕایان وابوو تاڕادەیەک توێژەڕی کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ خێزانەکانیان ئەنجامدابی

**خشتەی ژمارە (١١)  ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لەباشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانی بەندکراو**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 44٪ | ٢٢ | بەڵێ |
| 6٪ | ٣ | نەخێر |
| 50٪ | ٢٥ | تاڕادەیەک |
| 100٪ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ٤٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون کە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە باشترکردنی پەیوەندنی لەگەڵ خێزانەکانیان ، ٦٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە کە  توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبی لە باشترکردن پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان، ٥٠٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبوو لە باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکانیان.

**خشتەی ژمارە (١٢) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکان**

| ڕێژەی سەدی | ژمارە | وەڵام |
|---|---|---|
| 64٪ | ٣٢ | بەڵێ |
| 4٪ | ٢ | نەخێر |
| 32٪ | ١٦ | تاڕادەیەک |
| 100٪ | ٥٠ | کۆی گشتی |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ٦٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەربوون لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان، ٤٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە کە توێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەربن لە چارەسەر کردنی کێشەکانیان،٣٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەربوون لە چارەسەکردنی کێشەکانیان.

**خشتەی ژمارە (١٣) چارەسەرکردنی کێشە لەلایەن ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ٪66 |
| نەخێر | ٨ | ٪16 |
| تاڕادەیەک | ٩ | ٪18 |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ٦٦٪ بەندکراوان کێشەیان بۆ چارەسەر کراوە لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی،١٦٪ ڕەتیان کردەوە کە توێژەڕی کۆمەڵایەتی کێشەی بۆ چارەسەرکردبن،١٨٪ لەگەڵ ئەوەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی توانیوەیەتی کێشەیان بۆ چارەسەربکا.

**خشتەی ژمارە (١٤) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە گۆرینی شێوازی بیرکردنەوە لە ئاڕاستەیەکی نەرێنی بۆ ئاڕاستەیەکی ئەرێنی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧ | ٪54 |
| نەخێر | ١ | ٪2 |
| تاڕادەیەک | ٢٢ | ٪44 |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێت ٤٥٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی ئاڕاستە نەڕێنییەکانیان بگۆرێت بۆ ئاڕاستەیەکی ئەڕێنی، ٢٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە کە توێژەری کۆمەڵایەتی بیرکردنەوە نەڕێنییەکانیان گۆرییبێت بۆ بیرکردنەوەیەکی ئەڕێنی، ٤٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی بیرکردنەوە نەڕێنییەکانیان بگۆرێت بۆ بیرکردنەوەی ئەڕێنی.

**خشتەی ژمارە (١٥) جیاوازیی کردنی توێژەری کۆمەڵایەتی نێوان بەندکراوان**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٧ | 14٪ |
| نەخێر | ٣٦ | 72٪ |
| تاڕادەیەک | ٧ | 14٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ١٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەبوون جیاوازی لە نێوان بەندکراوان دەکرێت، ٧٢٪ ڕەتیان کردەوە کە جیاوازی لە نێوان بەندکراوان هەبێ، ١٤٪ لەگەڵ ئەبوون تاڕادەیەک جیاوازی هەیە لە نێوان بەندکراوان.

**خشتەی ژمارە (١٦) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ هێوەر کردنەوەی دۆخی دەروونی و تەندروستی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٣٩ | 78٪ |
| نەخێر | ٣ | 6٪ |
| تاڕادەیەک | ٨ | 16٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ٧٨٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دروست کردنی کەشێکی گونجاو، ٦٪ ڕەتیان کردەوە توێژەری کۆمەڵایەتی کەشێکی گونجان دروست بکا، ١٦٪ لەگەڵ ئەوبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی کەشێکی گونجاو دروست بکا.

**خشتەی ژمارە (١٧) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە باشترکردنی پەیوەندی تۆ لەگەڵ ستافی جێبەجێکاری پرۆگرامی چاکسازی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| بەڵێ | ٣٦ | 72٪ |
| نەخێر | ٢ | 4٪ |
| تاڕادەیەک | ١٢ | 24٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٧٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەن کە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵیێ هەیە لە باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ ستافی جێبەجێکاری پرۆگرامی چاکسازی، ٢٪ بەندکراوان ڕەتی دەکەنەوە کە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبی لە باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ ستافی جێبەجێکاری پرۆگرامی چاکسازی، ٢٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە باشتر کردنی پەیوەندی لەگەڵ ستافی جێبەجێکاری پرۆگرامی چاکسازی.

**خشتەی ژمارە (١٨) دەست تێوەردان توێژەری کۆمەڵایەتی لە کاتی ئەنجامدانی ڕەفتارێکی نائاسایی بەندکراو**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەلێ** | ٣٣ | 66٪ |
| **نەخێر** | ٤ | 8٪ |
| **تاڕادەیەک** | ١٣ | 26٪ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٦٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی دەست تێوەردان دەکات کاتێک ڕەفتارێکی نائاسای ئەنجام دەدەن، ٨٪ بەندکراوان ڕەتی دەکەنەوە توێژەری کۆمەڵاتی دەست تێوەردان بکات کاتێک ڕەفتارێکی نائاسای ئەنجام دەدەن، ٢٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک دەست تێوەردان دەکات کاتێک ڕەفتارکی نائاسای ئەنجام دەدەن.

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازی فەراهەم بکا؟**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| **بەلێ** | ٢٨ | 56٪ |
| **نەخێر** | ٦ | 12٪ |
| **تاڕادەیەک** | ١٦ | 32٪ |
| **کۆی گشتی** | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٥٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە فەراهەم کردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازی، ١٢٪ بەندکراوان ڕەتی دەکەنەوە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبێ لە فەراهەم کردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازی، ٣٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک ڕۆڵی هەیە لە فەراهەم کردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازی.

**خشەتی ژمارە (٢٠) ئاگاداردەکاتەوە توێژەری کۆمەڵایەتی بۆ دەستەی بەندیخانە لە کاتی تێکچوونی باری دەروونی و جەستەی بەندکراو**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤١ | 82٪ |
| نەخێر | ٥ | 10٪ |
| تاڕادەیەک | ٤ | 8٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٨٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی دەستەی بەندیخانە ئاگادار دەکاتەوە لە کاتی تێکچوونی باری جستەی و دەروونی، ١٠٪ ڕەتیان کردەوە لە کاتی تێکچوونی باری دەروونی و جستەی توێژەری کۆمەڵایەتی دەستەی بەندیخانە ئاگادار بکاتەوە، ٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی دەستەی بەندیخانە ئاگادار بکاتەوە لە کاتی تێکچوونی باری دەروونی و جەستەی.

**خشتەی ژمارە (٢١) پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانت بە چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و پەروەردەی لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | 46٪ |
| نەخێر | ٨ | 16٪ |
| تاڕادەیەک | ١٩ | 38٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٤٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی کاتە بەتاڵەکانیان پربکاتەوە بە چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و پەروەردەی، ١٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە کاتە بەتاڵەکانیان پربکاتەوە، ٣٨٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک توانیویەتی کاتە بەتاڵە کانیان بۆ پڕبکاتەوە.

**خشتەی ژمارە (٢٢) ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دابینکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی (تەلەفۆن) لە ناو بەندیخانە بۆ بەندکراوان**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٧ | ٪94 |
| نەخێر | ١ | ٪2 |
| تاڕادەیەک | ٢ | ٪2 |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٩٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دابینکردنی ئامرازی پەیوەندی (تەلەفۆن)،٢٪ ڕەتی دەکەنەوە توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەبی لە دابینکردنی ئامرازی پەیوەندی(تەلەفۆن)، ٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دابینکردنی ئامرازی پەیوەندی (تەلەفۆن).

**خشتەی ژمارە (٢٣) هاوڕێیەتی بەندکراوان لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | ٪52 |
| نەخێر | ٦ | ٪12 |
| تاڕادەیەک | ١٨ | ٪36 |
| کۆی گشتی | ٥٠ | ٪100 |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەویێ ٥٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون پەیوەندی هاوڕێیەتیان لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە، ١٢٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە پەیوەندی

هاوڕێیەتیان هەبێ لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی، ١٨٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون تاڕادەیەک پەیوەندی هاوڕێیەتیان هەیە لەگەڵ توێژەری کۆمەڵایەتی.

**خشتەی ژمارە (٢٤) ئەنجامدانی سمینار لەلایەن توێژەر**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٦ | 52٪ |
| نەخێر | ٦ | 12٪ |
| تاڕادەیەک | ١٨ | 36٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ٥٢٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی سیمیناریان بۆ ئەنجامدەدەن، ١٢٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە کە توێژەری کۆمەڵایەتی سیمیناریان بۆ ئەنجام بەدەن، ٣٦٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوەبوون تاڕادەیەک توێژەری کۆمەڵایەتی سیمیناریان بۆ ئەنجام دەدەن

**خشتەی ژمارە (٢٥) بەدوا داچوونی هەفتانە توێژەر بۆ کێشەکانی بەندکراو**

| وەڵام | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٢ | 64٪ |
| نەخێر | ١ | 2٪ |
| تاڕادەیەک | ١٧ | 34٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠ | 100٪ |

لەم خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ ٦٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەبوون توێژەری کۆمەڵایەتی هەفتانە پێداچوونەوە بە کێشەکانی دەکات، ٢٪ بەندکراوان ڕەتیان کردەوە توێژەری کۆمەڵایەتی هەفتانە پێداچوونەوە بە کێشەکانیان بکات، ٣٤٪ بەندکراوان لەگەڵ ئەوە بوون توێژەری کۆمەڵایەتی تاڕادەیەک  هەفتانە پێداچوونەوە بە کێشەکانیان بکات.

**باسی دووەم: زانیارییەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەران**

ڕوونکردنەوەی ئەو زانیارانەی کە لە دەرنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی نێو چاکسازی ئەنجامدرا، لە میانەی ئەم چاوپێکەوتنە چەند پرسیارێکم ئاڕاستەی توێژەرەکان کرد دەربارى چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان لە سەرەتای هاتنیان بۆ نێو چاکسازی تاکو دەرچوونی لە نێو چاکسازی، لە هەردووبەشی ئافراتان و نەوجەوانان، کە زانیارییەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەمان توێژەران ئاماژەیان بەوەدا ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە نێو چاکسازی لەهەمان کاتدا وەک پردێکی پەیوەندی کاردەکەین لە نێوان بەندکراوان و جیهانی دەرەوەی بەندیخانە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوە بەندکراو بێ ئاگا نەبی لە جیهانی دەرەوەری بەندیخانە ئاگاداری گۆرانکارییەکانی دەرەوە بێ ئەمەش بۆ ئەوەیە کاتێک ماوەی سزاکەی تەواو بوو بتوانی لەگەڵ کۆمەڵگا خۆی بگونجێنێ .

سەرەتا پرسیارم کرد لە چۆنیەتی پێشوازی کردنی بەندکراوان بۆ بەڕێوبەرایەتی چاکسازی، خاتوون ئاڤان لە بەشی ئافرەتان ئاماژەی بە چۆنیەتی پێشوازی بەندکراوان کرد لە بەشی ئافرەتان، لەبەڕێوبەرایەتی چاکسازی بەشێک هەیە بە ناوی هۆبەی پێشوازی، سەرەتای هەموو بەندکراوێک دەچێتە هۆبەی پێشوازی. توێژەری تایبەت بە بەشی ئافرەتان پێشوازی لە بەندکراوی ئافرتان دەکات. فۆرمێک بە بەندکراوان پردەکەنەوە بۆ زانینی زانیاری تایبەت و گشتی بەندکراوەکە. خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوەدا لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بەشی ئافرەتان پێشوازی لە ڕاگیراوان و سزادراوان دەکەن لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ تا سەرو ١٨ ساڵ. لەهەمان کاتدا خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوە دا ئەگەر بەندکراوێک یەکێک لە توێژەرکان خزمی بوو ئەوەنابی ئەم بەندکراوە لەلایەن ئەم توێژەرە پێشوازی لێبکرێت.

❖ دەربارەی چۆنیەتی پێشوازی لەبەشی نەوجەوانان پرسیارم لە کاک سەردارکرد تایبەت بوو بەبەشی نەوجەوانان.باسی لەوە کرد سێ هۆبە هەیە کە هەر هۆبەیەک تایبەتە بەتەمەنێکی دیاری کراو.

- هۆبەی منداڵان خوار تەمەنی ١٨ساڵی
- هۆبەی گەنجانی پێگەشتوو ١٨ بۆ ٢٢ ساڵ
- هۆبەی چاودێری پاشینە.تایبەتە بەو سزادراوانەی کە سێ مانگی ماوە بۆ تەواو بوونی ماوەی سزاکە لەو هۆبە چاودێری دەکرێ بەمەبەستی چاودێری کردنی ڕەفتار و هەڵسوکەتی بەندکراو.

کاک سەردار ئاماژەی بەوەدا هەر هۆبەیەک لەلاین چەند توێژەرێک پێشوازی لە بەندکراوان دەکەن.

❖ پرسیارم کرد دەربارەی ئەوەی لە دوای پێشوازی کردنی بەندکراوان ئایا ئاشنایان دەکەن بە ئەرک و مافی نێو فەرمانگەی چاکسازی؟ هەردوو توێژەرەکە ئاماژەیان بەوەدا بێگومان بەندکراو ئاشنا دەکرێن بە ئەرک و مافی نێو فەرمانگەی چاکسازی بۆئەوەی تووشی سەرپێچی نەبێتەوە.

❖ پرسیارم کرد دەربارەی ئەوەی ئایا چاوپێکەوتنی تاکەکەسی لەگەڵ بەندکراوان ئەنجام دەدەن بۆ زانینی جۆری کێشەکەو هۆکاری کێشەکە؟هەردوو توێژەری بەرێز ئاماژەیان بەوەدا بەڵێ بێگومان پێویستە چاوپێکەوتنی تاکەکەسی بکرێت لەگەڵ بەندکراوان ئاماژەیان بەوەدا سەرەتای چاوپێکەوتنمان بۆئەوەیە کار لەسەر دەروونی بەندکراوەکە بکەین پێش کێشەکەی.ئەگەر لایەنی دەروونی بەندکراو ئارام بوو ئەوا ڕێگە خۆشکەر دەبی بۆ ئەوەی بەندکراو زیاتر مەتمانەمان پێ بکات بۆ ئەوە بە ویستی خۆی باس لە هەموو کێشەکانی بکات. لە درێژەی ئەم بابەتە پرسیارم کرد ئایا سەرەتای چاوپێکەوتنتان هەست بە بوونی ترس و قەلەقی دەکەن لە بەندکراوەکان؟ توێژەران ئاماژەیان بەوەدا بێگومان ترسەکی زۆر بەدیدەکەین لە بەندکراوەکە وە ئامادە نییە باسی کێشەکەی بکا بەڵام ئێمە لەرێگای چارسەرکردنی لایەنی دەروونی بەندکراوەکە ئەم وادەکا بەندکراوەکە ئاسوودەبێ وەباسی کێشەکەوە و هۆکاری کێشەکەی بکا. لە درێژەی بابەتەکە هەردوو توێژەری بەرێز ئاماژەیان بەوەدا لەگەڵ چارەسەری دەروونی دەبی بیرۆکەی بەندکراوەکە بگۆرین لە ئاڕاستەیەکی نەرێنییەوە بۆ ئاڕاستەیەکی ئەرێنییەوە هۆکارەکەشی بە هۆی بێ هیوای زۆری لە ژیان بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە.

❖ سەبارەت بە سەردانی کردنی خێزانی بەندکراو پرسیارم ئاڕاستەی توێژەرەکان کرد . ئایا سەردانی خێزانی بەندکراوەکان دەکەن بۆ زانینی هۆکاری  کێشەکە یان بۆ باشتر کردنی پەیوەندی بەندکراوەکە لەگەڵ خێزانەکەی؟ توێژەران ئاماژەیان بەوەدا بەڵێ سەردانی خێزانەکان دەکەین بۆ زانینی هۆکاری کێشەکەیان.لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەیان بەوەدا ڕەنگە هۆکاری سەرەکی کێشەکە ژینگەی خێزانەکەی بی. بۆ ئەمەش دەبێ سەرەتا کار لەگەڵ خێزانەکەی بکرێت بۆ ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکرێت یاخود ئامانجی سەردانیکردنەکەمان بۆ باشتکردنەوەی پەیوەندی بەندکراوە . لە درێژەی پرسیارەکەم ئاماژەم بەوە کرد ئایا لە کاتی سەردانیکردنی خێزانی بەندکراو ڕووبەرووی کێشە دەبنەوە؟ سەرەتا خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوە دا بێگومان تووشی کێشە دەبینەوە زۆر بەی کات ڕێگا نادەنە لەگەڵ یان دانیشین لەگەڵ ئەوەش ڕووبەرووی قسەی نەشیاو دەبینەوە، خاتوون ئاڤان باسی لەوە کرد

بەڵام ئێمە کوڵ نادەین بەردەوام دەبین تاکو قەناعەتیان پێدەکەین لەگەڵ یان دانیشین، ئاماژەی بەوە دا پێویسە ئێمە بەردەوام بین چونکە ئەمە ڕێگا جارەیە بۆئەوەی بەندکراوەکە لەلایەنی دەروونی ئارام بێتەوە، خاتوو ئاڤان ئاماژەی بەوەدا بەشێک لە بەندکراوەکان ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی باش نەکرێتەوە هەولی خۆکوشتن دەدا. دواتر کاک سەردار لەبەشی نەوجەوانان ئاماژەی بەوەدا ئێمە کەمتر ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە، سەرەتا لەرێی تەلەفۆن ئاگاداریان دەکەینەوە دواتر سەردانیان دەکەین.

- ❖ پرسیارم کرد  ئایا جیاوازی دەکەن لە نێوان بەندکراوان؟ هەریەک لە توێژەران ئاماژەیان بەوەدا نەخێر جیاوازی ناکرێ لەسەر بنەمای ڕەگەز و ڕەنگ و ئاین و نەتەوە و جۆری لادەرەکە ، بەڵام لەسەرەتادا پێیان دەڵێین کێ ڕەفتاری باشتربێ ئەوە ئاسودەترین دەبین لەگەڵی.

- ❖ پرسیارم کرد دەربارەی ئەوەی ئایا هەمانگی هەیە لە نێوان توێژەران، ئاماژەیان بەوەدا ئێمە بە هەماهەنگی کاردەکەین، خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوە دا ئەگەر هاتوو بەندکراوێک لەگەڵ توێژەرێک ئاسوودە نەبوو ئەوە دەتوانێ داوابکا توێژەرێکی تر بێت بۆ ئەوەی کێشەکەی بۆ چارەسەر بکا.

- ❖ پرسیارم کرد دەربارەی ئەوەی ئایا ئێوە وەک توێژەری کۆمەڵایەتی دەست تێوەردان دەکەن کاتێک بەندکراوێک سەرپێچی دەکات یان کێشەی لەگەڵ بەندکراوێکی تر دروست بکا؟توێژەران ئاماژەیان بەوە دا بێگومان بەهۆی زۆری بەندکراوان کێشە دروست دەبێ چەند جارێک ئاگاداریان دەکەینەوە ئەگەر هەڵەکەیان دووبارە کردەوە ئەوە بەندکراوەکە زیندانی تاکە کەسی دەکرێن تا ئەو کاتەی پەیوەندییەکەیان باش دەبێتەوە.

- ❖ پرسیارم کرد ئایا تا چەند پەیوەندی هاورێیەتیتان لەگەڵ بەندکراوەکان هەیە؟ توێژەرەکان ئاماژەیان بەوەدا پەیوەندییان لەگەڵ بەندکراوان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە ناکرێ زیاد لە پێویست پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبێ بۆئەوەی نەکەوینە ژێر هەست  و سۆزیان.

- ❖ پرسیارم کرد ئایا وەک توێژەری کۆمەڵایەتی دەتوانن سەردانی تایبەت بۆ بەندکراوان ڕێک بخەن یان پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ بەندکراوان دابین بکەن؟ هەریەک لە توێژەران ئاماژەیان بەوەدا بێگومان ڕۆڵمان هەیە، لە هەندێک حاڵەت بەندکراو پێوویستی بەوەیە هەموو ڕۆژێک خێزانەکەی سەردانی بکات تا کێشەکەی چارەسەر دەبی.سەبارەت بە پەیوەندی تەلەفۆنی ئاماژەیان بەوەدا پێگومان هەر بەندکراوێک خاوەن کارتی تایبەت بەخۆی هەیە بەکاردێنێ هەر کاتێک حەزی کرد پەیوەندی بە خێزانەکەی بکات بەڵام لە ژێر چاودێری فەرمانگەی چاکسازی. کاک سەردار ئاماژەی بەوەدا سزادراو هەموو ڕۆژێک مافی پەیوەندی کردنی هەیە بەڵام ڕاگیراو هەفتەی دووجار مافی پەیوەندی کردنی هەیە.

- ❖ پرسیارم کرد ئایا هەفتانە پێداچوونەوە بە کێشەی بەندکراوان دەکەن؟کاک سەردار ئاماژەی بەوەدا پێویستە ڕۆژانە پێداچوونەوە بە کێشەکانیان بکەین، ئاماژەی بەوەدا کەلەبەشی نەوجەوان ڕۆژانە لە نزیکەوە پێداچوونەوە بە کێشە و گوزرانی بەندکراوان دەکەین، خاتوون ئاڤانیش ئاماژەی بەوەدا پێویستە ڕۆژانە پێداچوونەوە بە کێشەکان بکەین بەڵام ئەمە لەبەشی ئافرەتان ئەستەمە بەهۆی زۆری ژمارەی بەندکراوان، بەڵام هەندێک بەندکراوا ڕۆژانە پێداچوونەوە بە کێشەکانی دەکەین تاکو کێشەکەی چارەسەر دەبی وە دڵنیابین لە وەی کە لایەنی دەروونی بەندکراو ئارامە.

- ❖ پرسیارم کرد ئایا سیمینار پرسیارم کرد ئایا سیمینار بۆ بەندکراوان ئەنجام دەدرێت؟ توێژەران ئاماژەیان بەوەدا پێگومان ئێمە لە هەموو بوارێک بۆیان ئەنجام دەدەین لە هەموو بوارێک. لە درێژەی پرسیارەکە توێژەران ئاماژەیان بەوەدا کە مامۆستای ئایینی و پسپۆری دەروونی سیمینار بۆ بەندکراوان ئەنجام دەدەن،لە درێژەی قسەکان خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوەدا لەبەشی ئافرەتان یادی بۆنەکانیان بۆ دەکرێتەوە، وەک ٨ مارس. هەروەها باسی لەوەکرد چەندڕۆژێک لەمەو پێش مەولود بۆ بەشی ئافرەتان و نەوجەوانان ئەنجامدراوە.

- ❖ پرسیارم کرد دەربارەی ئەوەی ئایا هەموو بەندکراوێک مافی بەشداریکردنیان هەیە لە چالاکی ڕۆشنبیری و پەروەردەی و هونەری و کارکردن لە نێو فەرمانگەی چاکسازی. توێژەران ئاماژەیان بەوەدا هەموو بەندکراوێک مافی بەشداری کردنی هەیە بەبێ زۆر لێکردن و بەویستی خۆیان،خاتوو ئاڤان ئاماژەی بەوەدا ئێمە داوایان

لێدەکەین کە حەزیان لە چە جۆرە چالاکی و خولێکە بۆیان ئەنجام بدەین واتا زۆر بەری چالاکی و خولەکان بە ویستی بەندکراوەکان ئەنجام دەدرێ. بەڵام هاندان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری بکەن ئەمەش لە ڕێگای پێدانی خەڵات و پارە ئەمەش بۆ هاندانی ئەو بەندکراوانەی کە ئاما نین بەشداری هیچ چاڵاکییە بکەن. کاک سەردار ئاماژەی بەو چالاکی و خولانە دا کە لەبەشی نەوجەوانان ئەنجام دەدرێ بریتین لە خولی سەرتاشین-خەیاتی-ئاسنگەری-کارکردن لەبەشی وەرشە. خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەو خولانەدا کەلەبەشی ژنان ئەنجام دەدرێ بریتین لە کاری دەستی – خولی خەیاتی- خولی ئارێشگا. لەگەڵ ئەمانەش چەندین خولی تر بۆ هەر دووبەس ئەنجام دەدرێ وەک خولی وێنە کێشان و موزیک ژەن. هەریەک لە توێژەران ئاماژەیان بەوەدا دوای ماوەی تەواو بوونی سزاکەیان بەندکراوان کاریان بۆ دابین دەکرێ لەو کارەی کە لە نێو چاکسازی فێربوون، وەک دانانی دوکانی سەرتاشین بۆ کوران و کڕینی مەکینەی خەیاتی و دانانی ئارێشگا بۆ ژنان.

- لەکۆتای پرسیارم کرد دەربارەی ئەو کێشانەی ڕووبە ڕوویان دەبێتەوە لە بەشی ژنان و نەوجەوانان. سەرەتا خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوەدا کێشە لەبەشی ژنان زۆرترە بەهۆی زۆری بەندکراوان و بچووکی بیناکە خاتوون ئاڤان ئاماژەی بەوە دا لە بەشی ژنان سزادراو ڕاگیراو هەیە ئەمەش وادەکا ژمارەی بەندکراوانی ژنان زۆر تر بێت لەگەڵ ئەوەش باسی لەوە کرد بەشێک لە ژنەکان منداڵیان لەگەڵە ئێمە نازانین چۆن تەحامول لەگەڵ منداڵەکان بکەن وەک منداڵێکی ئاسای یان وەک بەندکراوێک لەهەمان کاتدا دەبێت پێداویستی بۆ دابین بکەین. دوا بەدوای ئەو کاک سەردار ئاماژەی بە بەشی نەوجەوانان دا باسی لەکرد کێشە لەبەشی نەوجەوانان کەمترە دەتوانین هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگرێنینەوە ژمارەی نەوجەوان کەمترە چونکە تەنها سزادراو هەیە

## باسی سێیەم/ ئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکان.

### ئەنجام:

لە کۆتای ئەم توێژینەوە گەشتینە چەند ئەنجامێکی گرنگ دەربارەی ڕۆڵی توێژەری کۆمەلایەتی لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی نەوجەوانان ژنان و منداڵان- هەولێر.بۆمان دەرکەوت توێژەر ڕۆلێکی گرنگی هەیە لە شیاندنەوە و دووبارە بنیادنانی بەندکراو بۆ ئەوە وەک کەسێکی ئاسای بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا.

١-بۆمان دەرکەوت ڕێژی ٦٢٪ بەندکراوان مەتمانەیان بە توێژەری کۆمەلایەتی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.
٢-ئەم توێژینەوە دەری دەخات توێژەری کۆمەلایەتی ڕۆلێکی گرنگی هەیە لە باشترکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەندکراو خێزانەکەی.
٣-ئەم توێژینەوە دەری دەخات ٦٦٪ کێشەی بەندکراوان لەلاین توێژەری کۆمەلایەتی چارەسەر کراوە.
٤-ئەم توێژینەوە دەری دەخات توێژەری کۆمەلایەتی توانیویەتی کەشێکی گونجاو بۆ بەندکراوان فەراهەم بکات بۆ هێورکردنەوەی دەروونی بەندکراو
٥-ئەم توێژینەوە دەری دەخات ٥٤٪ بەندکراوان بیرکردنە و چۆنیەتی ڕەفتاریان لە ئاڕاستەیەکی نەرێنییەوە بگۆردرێت بۆ ئاڕاستەیەکی ئەرێنییەوە لەلایەن توێژەری کۆمەلایەتی.
٦- ئەم توێژینەوە دەری دەخات توێژەری کۆمەلایەتی توانیویەتی سەرجەم پێداویستیەکان بۆ بەندکراوان فەراهەم بکات.
٧- ئەم توێژینەوە دەری دەخات توێژەری کۆمەلایەتی توانیویەتی کاتە بەتاڵەکانی بەندکراوان پربکاتەوە بە چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و پەروەردەی بۆ ئەوەی کاریگەری زیندان لەسەر بەندکراو کەم بکاتەوە.
٨-ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات ٥٢٪ بەندکراوان پەیوەندی هاوڕییەتییان لەگەڵ توێژەری کۆمەلایەتی هەیە.
٩-ئەم توێژینەوە دەری دەخات توێژەری کۆمەلایەتی توانیویەتی هەفتانە پێداچوونەوە بە کێشەی بەندکراوان بکات.
١٠- ئەم توێژینەوە دەر دەخات توێژەری کۆمەلایەتی ڕۆلێکی باشی هەیە لە فێرکردنی بەندکراو بە پیشەیەک بۆئەوەی لە دوای تەواو بوونی ماوەی سزاکەی بەندکراو خاوەن پیشەی خۆی بێت.

## پێشنیار:

١. پێشنیار دەکەم بەدروست کردنی بینایەکی فراونتری چاکسازی لە شوێنێکی  نزیک ناوشار.

٢. پێشنیار دەکەم بە دابینکردنی شوێنیکی تایبەت بەو مندالانەی کە گە نێو چاکسازین بەلام لە رووی یاساوە ئەم مندالانە تاوانبارنین.

٣. پێشنیار دەکەم توێژەرانی نێو چاکسازی رەوانەی دەرەوەی وەلات بکرێن بۆ شارەزابوون و تێگەیشتنی باشتر لە سیستەمی چاکسازی.

٤. پێشنیار دەکەم  بابەتی چاکسازی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆوە گرنگی پێبدرێت بۆ ئەوەی قوتابیەکان شارەزای زیاتر یان هەبێ دەربارەی سیستەمی چاکسازی.

## ڕاسپاردەکان:

بۆفرانکردنی ئەم توێژینەوە ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو.

١-ڕۆلی توێژەری کۆمەلایەتی  لە ڕێکخراو مرۆییەکان.

٢-ڕۆلی توێژەری کۆمەلایەتی لە دادگای هەولێر.

٣- رەوشی بەنداکراوان لە چاکسازی گەوران.

## سەرچاوەکانی توێژینەوە


### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

١. نوری، رێکان ڕزگار (٢٠٢١). چاکسازی سزادراوان،لەبەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەی گشتیەکان/هەولێر.

٢. شفیق، ڕێبین جوهر ڕێبین (٢٠٠٧)، ڕەوشی چاکسازیی کۆمەلایەتی بەندکراوان، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدبیاتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێرکراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە کۆمەلناسی.

٣. مصطفی، اسماعیل ابراهیم (٢٠٢٠): کاریگەری هوکارە کومەلایەتیەکانی گەرانەوە بۆ تاوان تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە چاکسازیەکانی گەوران لە هەرێمی کوردستان -عێراق، کولیژی ئاداب زانکوی سەلاحەددین، هەولێر.

٤. کوش، عمر (٢٠٠٣)، فەلسەفە وهونەری داهێنان و دروست کردنی چەمک، و: ڕێبین ڕەسوڵ، گۆڤاری نما، ژ١١، هەولێر.

٥. شوقی، عثمان حمد( ٢٠١٥):ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە قوتابخانە ئامادەییەکانی شاری هەولێر، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێرکراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە کۆمەڵناسی

٦. دانا، لطیف جلال شوانی(٢٠١٩):چۆنەیەتی ژیان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدبیاتی زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێرکراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە کۆمەڵناسی

٧. خالید، کوثراحمد ، علی، دادوەر هیمداد مجید، (٢٠٠٥): زانستی سزا.

٨. عبدالله، محمد معروف، (٢٠١٤): زانستی سزا.وەرگێرانی ، کاوانی ئەنوەر، کتێبخانەی یادگار،سلێمانی.

٩. بۆکانی،سابیر،٢٠٠٢، تاوانبار و سزا، سلێمانی.

١٠. پیرداود ، زانا احمد (٢٠٢٣): دەرسگوتاری تاوانناسی. بابەتی: زانستی سزا قۆناغی

١١. سیستەمی ژمارە(١) ی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٨، وەقایعی کوردستان ژمارە ١٤٥.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

١٢. عبدالعزيز مسفر محمد آل حسن الغامدي  طالب دكتوراة،٢٠٢٠ – قسم علم الاجتماع-تخصص علم الجريمة، دور الأخصائي الاجتماعي في الحد من ارتكاب الجرائم  الأسرية في منطقة مكة المكرمة.

١٣. العادلي ، راهبة فاعلية الارشاد الجمعي في مفهوم الذات وتحمل المسؤلية الاجتماعية لدى الاحداث الجانحين ، اطروحة دكتوراه غير منشورة جامعة بغداد ،كلية التربية ، بغداد١٩٩. المجلد ٥٢، العدد ٢، أكتوبر ٢٠٢٠، الصفحة 538-501

١٤. قانون العقوبات رقم ١١١ لسنه١٩٦٩، الوقائع العراقية، تاريخ ١٥/٩/١٩٦٩.

١٥. فهد, عجمى حمد الوردان الشمرى ,٢٠١٥, دور الخدمة الاجتماعية في التعديل السلوكي بمجال الأحداث الجانحين (دراسة ميدانية مطبقة بإدارة التوعية والإرشاد بوزارة الشئون والعمل بدولة الكويت) مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد: (١٦٤ الجزء الرابع) يوليو .

١٦. الحسن، أحسان محمد (١٩٩٩): موسوعة علم الاجتماع، بيروت: دارالعربية للموسوعات.

١٧. الحسن، احسان محمد، و الحسنى، عبدالمنع محمد (١٩٨١): طرق البحث الاجتماعى جامعه بغداد.

١٨. عمر، معن خليل،معجم علم الأجتماعالمعاصر،دار الشرق للنشروالتوزيع، بيروت، لبنان،٢٠٠٠.

**سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان**

19. Rowland, Olivia (2023): Social researcher_ job description: https://targetjobs.co.uk/careers-advice/job-descriptions/social-researcher-job-description. In 27/11/2023.

20. Maysam yaseen obaid, Technium Social Sciences Journal- Vol. 11, 511-528, September 2020- ISSN: 2668-7798 www.techniumscience.com,2020

21- Sinem getin, Perspective Chapter: Rehabilitation Programs in Penitentiary Institutions – The Case of Turkey, 2023

22- Annalena yngborn, Criminal policy in Sweden – from rehabilitation to prison,2020

**ناوی ئەو توێژەرانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە:**

١. نوشار قاسم عبداللە، بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە ، چاوپێکەوتن ٢٠٢٤/٢/٦.

٢. سەردار لطیف، توێژەری کۆمەڵایەتی ، چاوپێکەوتن ٢٠٢٤/٣/٢٤.

٣. ئاڤان عومەر، توێژەری کۆمەڵایەتی ، چاوپێکەوتن ٢٠٢٤/٣/٢٤.

## هاوپێچی ژمارە (١)

**حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر**

**کۆلێژی ئاداب-بەشی کۆمەڵناسی**

## فۆرمی ڕاپرسی

**هاوڵاتی خۆشەویست:**

ئەوەی لەبەر دەستت دایە فۆڕمێکی ڕاپڕسییە بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بە ناو نیشانی(**ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە شیاندنەوە نەوجەوانان،توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەڕێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و منداڵانی هەولێر)**.توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سەنتەری شاری هەولێر بە مەبەستی دەرخستی گرنگی توێژەری کۆمەڵایەتی لە نێو چاکسازی. بەڕێزتان وەک هەڵسەنگێنەری ئەو فۆرمە دەست نیشان کراون. سوپاس بۆ تەرخان کردنی کاتت..

لەگەڵ ڕێزدا..

ناوی توێژەران:

سارا هیمداد خليل

اسرا هیمداد خليل

بەسەرپەرشتی:

د. هیوا علی عمر

پرسیارە گشتیەکان:

ڕەگەز: مێ(    )    نێر(    )

تەمەن:(    )

شوێنی نیشتەجێبوون:سەنتەری شار(    )، قەزا (    ) ناحیە(    ) لادێ(    ).

باری ئابووری:زۆرباش(    ) باش(    ) مام ناوەند(    ) خراپ(    )

زۆرخراپ(    )

ئاستی خوێندن: سەرەتای(    ) بنەڕەتی(    ) ئامادەی(    )

| ژ | پرسیارەکان | بەڵی | نه خێر | تاڕادەیەک |
|---|---|---|---|---|
| ١. | ئایا سەرەتای هاتنت بۆ نێوچاکسازی لەلایەن توێژەری کۆمەڵایەتی پێشوازیت لێکرا؟ | | | |
| ٢. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی ئاشنای کردی بە ئەرک و مافەکانت لە نێو فەرمانگە چاکسازی؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی تاکەکەسی لەگەڵ ئەنجامدای بۆ زانینی کێشەکەت؟ | | | |
| ٤. | ئایا مەتمانەت بە توێژەری کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئەوەی کێشەکانت بۆچارەسەربکات؟ | | | |
| ٥. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ خێزانەکەت ئەنجامدا بۆ زانینی هۆکاری کێشەکەت؟ | | | |
| ٦. | توێژەری کۆمەڵایەتی چ ڕۆڵێکی هەبووە لە باشترکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەت؟ | | | |
| 7. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرت بووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانت؟ | | | |
| 8. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی هیچ کێشەیەکی بۆ چارەسەر کردووی؟ | | | |
| 9. | ئایا توێژەری کومەڵایەتی توانیوەیەتی شێواز و بیرکردنە و چۆنیەتی ڕەفتارت بگۆڕێت لە ئاڕاستەیەکی نەرێنی بۆ ئاڕاستەیەکی ئەرێنی ؟ | | | |
| ١0. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی هیچ جیاوازیەک لە نێوان بەندکراوان دەکات؟ | | | |
| 1١. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی کەشێکی گونجاو بۆ هێورکردنەوەی دۆخی دەروونی و تەندروستی؟ | | | |
| 12. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە باشترکردنی پەیوەندی تۆ لەگەڵ ستافی جێبەجێکاری پرۆگرامی چاکسازی؟ | | | |
| 1.3 | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی دەست تێوەردان دەکات کاتێک ڕەفتارێکی نائاسای ئەنجامدەدەی؟ | | | |
| 1.4 | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی توانیوویەتی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی نێو چاکسازی فەراهەم بکات؟ | | | |
| 1.5 | ئایا لە کاتی تێکچوونی باری دەروونی و جەستەی توێژەری کۆمەڵایەتی دەستەی بەندیخانە ئاگاداردەکاتەوە؟ | | | |
| 1.6 | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی توانیویەتی کاتە بە تاڵەکانت بە چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و پەروەردەی پربکاتەوە؟ | | | |
| 1.7. | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە دابینکردنی ئامرازەکانی پەیوەندی (تەلەفۆن) لە ناوەی بەندیخانە بۆ بەندکراوان؟ | | | |
| 1.8 | ئایا پەیوەندی هاوڕێیەتیت لەگەڵ توێژەرانی کۆمەڵایەتی هەیە؟ | | | |
| 1.9 | ئایا توێژەری کۆمەڵایەتی سیمینارتان بۆ ئەنجام دەدەن؟ | | | |
| 2.0 | ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە لە چ بوارێک سیمینارتان بۆ ئەنجام دەدەن؟ | | | |